دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٥٨

www. kurdistanukurd.com

پێنجشەممە ١٥ی بانەمەڕ ١٣٩٠ - ٥ی مەی ٢٠١١ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان



سیاسی



نامەیەک لە ژووره دووکەڵاوییەکەی بەندیخانەی مینابەوه ٤

مافی مرۆڤ

ڕەهەندەکانی بڕیاری شوورای مافی مرۆڤ لە بارەی ئێرانەوه ٥

نەتەوەیی



لە یادی مانگرتنە بەشکۆکەی ٢٣ی بانەمەڕی پارەکەدا ٦

ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە



شۆڕشی مەدەنیی جیهانی عەرەب ٨


### ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور:

# بناغەی دەسەڵاتی دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی وەلەرزە کەوتەوە




### ٤٥٠ ڕۆژنامەنووسی ئێرانی پەنایان بۆ وڵاتانی دیکە بردوه

بە بۆنەی٣ی مەی (ڕۆژی جیهانی ئازادیی چاپەمەنی) ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور لە بەیاننامەیەکدا ڕێبەرانی ٣٨ وڵات بەدوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی دەناسێنن . ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور بە ئاماژە بەراپەڕینەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بەیاننامەکەیاندا نووسیوویانە کە بناغەی دەسەڵاتی دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی وەلەرزە کەوتوه.

هەر لەو بەیاننامەیەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە یەکێک لە گەورەترین دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی ناوی هاتوه کە لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا ٢٠٠ ڕۆژنامەنووس دەسبەسەر کراون و٤٠ ڕۆژنامەنووس تەنیا بەتاوانی «بێ ڕێزێ بەخامنەیی وئەحمەدی‌نژاد» حوکم دراون و ٣٠٠٠ ڕۆژنامەنووسیش بە هۆی داخرانی ڕۆژنامەکانیانەوە بێکار کراون و زیاتر لە ١٠٠ کەسیش ئاوارەی دەرەوەی وڵات بوون.

هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی ڕێکخراوی یۆنسکۆ خەڵاتی ساڵی ٢٠١١ی گیلێرموکانوی بە ڕۆژنامەنوسی بندکراوی ئێرانی ئەحمەد زەیدئابادی بەخشی. زەیدئابادی لە ڕۆژێک داوی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییەوە دەسبەسەر کراوەو حوکمی ٦ ساڵ زیندان و ٥ ساڵ دوور خرانەوە و قەدەغەکەرانی هەر چشنە چالاکییەکی سیاسی و ڕۆژنامەوانی بە سەردا سەپاوە. لە لایەکی دیکەوە ماشاڵڵا شەمسولواعزین سەرۆکی سێنفیی ڕۆژنامەوانان ڕایگەیاند کە بە پێی ئامارەکانی ئەنجومەنەکەیان لە دوای هەڵبژاردنی سەرکۆمارییەوە ٤٥٠ ڕۆژنامەوان لە ئێران ڕایان کردوە. ناوبراو هەروەها لە وتووێژێکدا لەگەڵ بی بی سی وتی: لەم دوایانەدا سەرکوتی ڕۆژنامەوانی لە ئێران زۆر کەمی کردوە؛ چونکە لە ئێران جیا لە ڕۆژنامە حکوومەتییەکان هیچ ڕۆژنامەیەک نەماوە تا ڕۆژنامەنووسان سەرکوت بکرێن.

## دنیای بە بێ ئوسامەکان

**قادر وریا**

لە دوای تسونامیی ژاپۆن، هەواڵی کوژرانی ئوسامە بن لادەن بە هۆی کوماندۆکانی ئەمریکا لە پاکستان بە گرنگترین هەواڵی جیهان دەژمێردرێ. یەکەمیان، ڕووداوێکی سروشتی بوو کە کارەساتێکی گەورەی مرۆیی لێکەوتەوەو بە دوای زیانگەیاندن بە دامەزراوە ناوکییەکانی فۆکۆشیما، ڕەهەندێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی وەرگرت. بەڵام کوژرانی ئوسامە، کە پلانێکی مرۆیی و نەخشە بۆ دانراو بوو، ئەگەرچی ئەویش دەنگدانەوەی جیهانی هەبوو و کاریگەرییەکانیشی جیهانی دەبێ، لە جیاتی ماتەم، خۆشی و شادیی زۆربەی کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و دانیشتووانی سەر گۆی زەویی لێ کەوتەوە.

زۆربەی ڕێبەران و نوێنەرانی دەسەڵاتە سیاسییەکانی جیهان و بەشی هەرە زۆری شارەزایانی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ کوژرانی ڕێبەری ئەلقاعیدەدا، پەیامێکی هاوبەشیان هەبوو، تەنانەت بە وشەو دەستەواژەی کەم و زۆر وەک یەکیش ئەم پەیامەیان دەربڕی: «دنیای بێ بن لادەن دنیایەکی ئەمنترو خۆشتر دەبێ.» ئەگەرچی نەشیان شاردەوە کە مەرگی بن لادەن، کۆتایی ئەلقاعیدە نییە.

بن لادەن و ڕێکخراوەکەی، بۆیە کەوتوونە بەر ڕق و نەفرەتی جیهانی و زەبرویکەوتنیان شەپۆلی خۆشی وەڕێ دەخا، چونکە لە دژایەتی لەگەڵ دوژمنان و نەیارانی خۆیاندا، تەڕو وشکیان پێکەوە، ئەویش بە بێ ڕەحمانەترین شێوە، نەک لە ناوچەو شوێنێکی دیاریکراو، لە هەر گۆشەیەکی جیهان، سووتاندوە. ئەلقاعیدەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە دەست پەروەردەکانی، جگە لەوەی لە مێتۆدو ئامرازی بەرەوپێشبردنی مەبەستیاندا، دژە مرۆیین و جیاوازیی ژن و منداڵ و گەورەو بچووک، سڤیل و دەوڵەتی ناکەن، بەڵکوو لەو دنیایەشدا کە قەرارە بە دیاریی بێنن، هەر دژە مرۆیین. کارنامەی دەسەڵاتی تالیبان لە ئەفغانستان و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تاقمەکانی وەک ئەنسارو گرووپە سەلەفییە چەکدارەکان لە کوردستان و عێراق و یەمەن و ... دەری دەخا ئەگەر لە ناوچەیەک یا وڵاتێک دەستیان بڕوا، چلۆن سەر زەوی لە مرۆڤەکان دەکەن بە دۆزەخ. بۆیە کەم کەس و لایەن و ڕێکخراوو دەسەڵات ڕووی ئەوەیان هەیە بە ڕاشکاوی داکۆکی لە کردەوەو مێتۆدی ڕێبەرانی وەک بن لادەن و ڕێکخراوگەلی وەک ئەلقاعیدە بکەن یا بوێرن بە دەنگی بەرز حکوومەت و دەسەڵاتی لە گوێن ئامانج و بەرنامە و نیازی ئەو جۆرە تاقمانە بۆ خەڵکی وڵاتی خۆیان ئارەزوو بکەن.

بەڵێ قسەی تێدا نیە دنیای بە بێ بن لادەن و ئەلقاعیدە، ئەمنترو خۆشتر دەبێ. بەڵام، هەر وەک هەمووان دانی پێدا دەنێن ــ مەرگی بن لادەن مەرگی ئەلقاعیدە نیەو تەنانەت ئەگەر ئەلقاعیدەش نەمێنێ، عەقڵییەتی بن لادەنانەو بەر هەڵست بوونەوەی لە چەشنی ئەلقاعیدە هەر دەمێنێ. هەتا ئەو کاتەی لە سیستەمی سیاسیی جیهاندا ستەم و بێ عەداڵەتی و نابەرامبەری بمێنێ و دەسەڵاتە گەورەکانی جیهان، نوێنگەی پەرەپێدان و پاراستنی ئەو ستەم و بێ عەداڵەتییە بەتایبەتی لە سەر بناغەی ڕەنگ و ئایین و جوگرافیا بن و بێزۆر لە ڕێگای دامەزراوەکانی سەردەمەوە، نەتوانێ قسەی خۆی و حەقی خۆی بە زۆردار بسەلمێنێ، عەقڵیەتی بن‌لادەنانەو بەرهەڵست بوونەوەی لە چەشنی ئەلقاعیدە، شانسی سەرهەڵدان و مانەوەیان دەبێ. تەنیا لە دنیایەکی ئینسانیتردا دەتوانین چاوەڕوان بین ئوسامەکان نەبنەوە بە گرێ کوێرەی مرۆڤایەتی.

### ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ

## داوای دەستبەجێ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدامی شێرکۆ مەعارفیی کردوه




ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە بەیاننامەیەکدا داوای لە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردووە کە دەستبەجێ حوکمی ئێعدامی بەندکراوی سیاسیی کورد شێرکۆ مەعارفی هەڵوەشێنێتەوە.

لە بەیاننامەی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە دا ئاماژە بەوە کراوە کە بە پێی زانیارییەکان ئەگەری جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامی ئەو تێکۆشەرە کوردە زۆر بە هێزە و لە کات و سات دایە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەی ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ دا ئاماژە بە مانگرتنی ئەو بەندکراوە کوردە کراوە کە ناوبراو دژ بەو بڕیارە دەستی داوەتێ و تاکوو ئێستاشی لەگەڵ دابێت هیچ هەواڵێک لە چارەنووسی ناوبراو لە بەر دەستدا نیە.

« جان ستراک»، جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەخنەی توندی لەو ڕەفتارەی کاربەدەستانی ئێران گرتوە و داوای کردوە کە بە زووترین کات چارەنووسی شێرکۆ یەکلایی بکرێتەوە.

ناوبراو ئەو هەڵسوکەوتەی بەشی قەزایی ئێرانی دژ بە یاسا نێودەوڵەتییەکان ناوبرد و وتی: کاربەدەستانی ئێران بە دیاری کردنی ئەو سزایە بۆ شێرکۆ مەعارفی، عەزابی بنەماڵەی ناوبراو دەدەن.

شایانی باسە کە لە ماوی چەند حەفتەی ڕابردوو دا ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لێبوردن بە فەرمی داوایان لە کاربەدەستانی ڕژیمی تاران کردووە کە سزای ئێعدامی شێرکۆ هەڵوەشێننەوە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ دا بێت کاربەدەستانی ئێران هیچ وڵامیکی ئەو داواکارییانەیان نەداوەتەوە.

### خامنەیی بڕیاری

## سەرکوتی « دوژمنانی خودا»ی لە سووریە داوە



ئەلعەرەبیە لە زمانی سەرچاوەیەکی بەرپرس لە بزووتنەوەی سەدر ڕایگەیاند کە خامنەیی نەیارانی دەوڵەتی سووریەی بە دوژمنانی خودا ناو بردوە و بڕیاری سەرکوتی ئەوانی دەرکردوە.

ئەو سەرچاوەیە لە بزووتنەوەی سەدر ڕایگەیاندوە کە خامنەیی لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی دا کە نوێنەرانی دەوڵەتی سووریە و بزووتنەوەی سەدر و حیزبوڵڵای لوبنان تێیدا بەشداربوون، داوای لە سپای پاسداران و حیزبوڵڵا و بزووتنەوەی سەدر کردوە کە بە تەواوی هێزەوە هەوڵی سەرکوتی نەیاران و خۆپیشاندەرانی سووری بدەن.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لەکاتێکدایە کە پێشتر ئۆپۆزیسیۆنی سووریەو خۆپیشاندەران بە چەندین جار ڕایانگەیاندبوو کە سپای پاسداران دەستی لە سەرکوتی خۆپیشاندەراندا هەیە و خۆپیشاندەران کەسانی سەر بە سپای پاسدارانیان دەسبەسەر کردوە.

### گیرانی دوو کەس لە ڕێبەرانی کوردی سووریە

## کوردان هەڕەشەی گرتنەبەری هەڵوێستی توند لە حکوومەتی بەعس دەکەن



دوو کەس لە ڕێبەرانی کوردی سووریە لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ئەو وڵاتەوە قۆڵبەست و زیندانی کراون و ژمارەیەکی دیکە لە ڕێبەرانی کوردی ئەو پارچەیەی کوردستان دەڵێن ئەگەر حکوومەتی سووریە لە سەرکوتکردنی کوردەکان بەردەوام بێ، ئەوا ئەوانیش هەنگاوی توندتر دەگرنە بەر.

بە پێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی شەرقولئەوسەت «عەبدولقادر خەزنەوی» و «عەبدولسەمەد عەلی» کە دوو کەس لە ڕێبەرانی کوردی سووریەن، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی سووریەوە قۆڵبەست کراون.

لە بەرامبەردا بەشێک لە ڕێبەرانی کورد لە سوریە ڕایانگەیاندوە کە هەر چەندە ئەوان تا ئێستا بە هێمنانە و بە دوور لە توند و تیژی خۆپیشاندانیان کردوە و داواکانیان هێناوەتە بەر باس و تا ئێستاش داوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسی سووریەیان نەکردوە و بەڵکوو تەنها داوای ئازادیو جێبەجێکردنی مافەکانی کوردیان کردوە، بەڵام ڕێژیمی سوریە بە توندی بە گژ نارەزایەتیی کوردەکان دا چۆتەوە و وەکوو تاوانبارو خەیانەتکار هەڵسوکەوتیان لە گەڵ کوردەکان کردوە.

چالاکانی کورد لە سووریە ڕایان گەیاندوە کە ئەگەر حکومەتی سووریا لە سەرکوتکردنی کوردەکان بەردەوام بێ ، ئەوا ئەوانیش لە بەرامبەردا هەڵویستو هەنگاوی توند بە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەگرنە بەر.

### پەرەسەندنی کێشە لە نێو باڵی ئوسوولگەراکان

## ژمارەیەک لە لایەنگرانی دەوڵەت دەسبەسەر کران




لەگەڵ ئەوەکە مەحموود ئەحمەدی‌نژاد پاش ١١ ڕۆژ مانگرتن، پێوەندیی نێوان خۆی و خامنەیی بە پێوەندی نێوان «کوڕو باوک»وەسف کرد، شەڕی نێوان باڵی ئوسوولگەراکان لە چەند ڕۆژی دواییدا زیاتر پەرەی سەندوە. میسباح یەزدی لە ئاخوندە بە نفوزەکانی ڕێژیم لە تازەترین لێدوانی‌دا ئەحمەدی‌نژادی وریا کردەوە کەئەگەر سەرکۆمار ملکەچی ڕێبەر نەبێ، ئەو سەرکۆمارە «تاغووتە». هەروەها زولنوور جێگری نوێنەری خامنەیی لە سپای پاسداران بە توندی ڕەخنەی لە ئەحمەدی‌نژاد گرت و وتی: ئەحمدی‌نژاد بۆی نیە بڵێ پێوەندی «باوک و کوڕ»یم لە گەڵ خامنەیی هەیەو ئەو قسەیە لەڕێ لادانە. پێوەندیی سەرکۆمارو ڕێبەر پێوەندیی «امام ـ مأموم و مطیع ـ مطاع»ـە.

لەم چەند ڕۆژەدا لایەنگرانی خامنەیی زۆر بە توندی هێرشیان کردۆتە سەر ئەحمەدی‌نژادو باڵەکەیان بە لادان لە دین تاوانبار کردوە. هەر لەم پێوەندییەدا هەندێک لە ئاژانسەکانی هەواڵ، هەواڵی دەسبەسەر کرانی دەیان کەس لە لایەنگرانی دەوڵەتیان بڵاو کردۆتەوەو ئەو کەسانەش زیاتر لە ڕەحیم مەشایی نزیکن.

بڵاوکراوەکانی لایەنگری خامنەیی و هەروەها تەلەویزیۆنی کۆماری ئیسلامی لەم ڕۆژانەدا بەردەوام چۆنییەتی لە سەر کار لادانی بەنی سەدر وەبیر دێننەوەو هەوڵ دەدەن ئەحمەدی‌نژاد بە بەنی سەدر بشوبهێنن.

# سەردانی هەیئەتێک لە نوێنەرانی رێکخراوەکانی ژنان و ژنانی چالاکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حدک



بە دوای کۆتایی هاتنی پێنجەمین کۆنگرەی رێکخراوی مافی ژنی کورد و یەکەمین کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان، رۆژی شەممە ٣ ی بانەمەڕ هەیئەتێک لە رێکخراوەکانی مافی ژنی کورد، کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵاتی کورستان و ژنانی چالاکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هاورێیەتی بەرێز ئەحمەد ئەسکەندەری، کەسایەتیی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەرێز خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزب و کۆمەڵێک لە ژنان و پیاوانی ئەندامی رێبەریی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتی نێوان هەیئەتی ژنان رۆژهەڵاتی کوردستان و هەیئەتی حیزبدا، پرسی ژنان و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بەو بەشەی کۆمەڵ لە کوردستان، هەروەها رۆڵی ژنان لە خەباتی نەتەوەیی و رۆڵی حیزبە کوردییەکان لە خەباتی یەکسانیخوازیدا هاتنە بەر باس.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لە کار و هەنگاوە هاوبەشەکانی رێکخراو و ژنانی چالاکی رۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە پشتیوانی و پێداگریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە خەباتی یەکسانیخوازانە دووپات کردەوە.

هەر لەو پێوەندییەشدا چالاکانی ژن پەیام و راسپاردەی خۆیان بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەموو حیزبەکان دووپات کردەوە کە دەبێ حیزبەکان بە کردەوە ئەم پشتیوانییە بسەلمێنن و بۆ چەسپاندنی کلتووری یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کاری جیددیتر بکەن.

# سەردانی هەیئەتێکی پارتی ویفاقی دێموکراتی کوردستان ـ سوریە لە دەفتەری سیاسیی حدک

رۆژی یەکشەممە، ٤ ی بانەمەڕ هەیئەتێکی پارتی ویفاقی دێموکراتی کوردستان ـ سوریە سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد.

هەیئەتێکی پارتی ویفاقی دێموکراتی کوردستان ـ سوریە بە سەرپەرستیی نەشئەت محەممەد، سکرتێری ئەم پارتە کاتژمێری ١١ی سەر لە بەیانی رۆژی یەکشەممە، ٤ ی بانەمەر سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی سکرتێری گشتی کاک خالید عەزیزی پێشوازییان لێ کرا.

لە کۆبوونەوەی نێوان هەر دوولا تیشک خرایە سەر دوایین ئاڵوگۆڕە پێوەندیدارەکانی ناوچەکە، هەر دوولا لەم بارەوە روانگەو هەڵوێستی خۆیان خستەڕوو.

لە بەشێکی دیکەی ئەم دیدارە دۆستانەیەدا مەسەلەی



کورد لە رۆژئاوای کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستان خرایە بەرباس و هەردوو هەیئەت روانگەی خۆیان و بۆچوون و سیاسەتەکانی پێوەندیدار بەهەردوولایان شی کردەوە. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا هەر دوولا پێداگریان لەسەر بەردەوامبوون و پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوانیان کردەوە.

# کێشەکۆمەڵایەتییەکان و قوربانیی دیکە

خۆکوژیی ژنان یەکێک لەو دیاردە مەترسیدارانەیە کە ساڵانە قوربانییەکی زۆر لە ژنان و کچانی کورد وەردەگرێ.

**مەریوان**

رۆژی چوارشەممە، ٣١ ی خاکەلیوە لە گوندی وشکەڵان سەر بە ناوچەی سەرشیوی مەریوان کچێکی تازەلاو بە ناوی شنۆ ئاگری لە خۆی بەرداوە و بە هۆی سەختیی برینەکانی گیانی لە دەست داوە.

بە وتەی یەکێک لە خزمە نزیکەکانی کچەکە، هۆکاری خۆ سووتاندنی ئەو کچە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بنەماڵەکەی نەیانهێشتوە کە شوو بە کوڕە دڵخوازەکەی خۆی بکا و ویستوویانە کە بە زۆر بە کوڕێکی دیکەی بدەن.

**خۆی**

ماوەیەک لەوە پێش ژنێک لە دەورووبەری شاری خۆی ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو گیانی لە دەست داوە.

سەرەتای مانگی بانەمەڕ لە ناوچەی قوتوور کچێکی کورد بە ناوی فەلەکناس فەدایی بەهۆی کێشەی خێزانییەوە ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە کە بەهۆی کاریگەربوونی سووتانەکەوە گیانی لەدەست داوە.

کەسانی نزیک لە رووداوەکە باس لەوە دەکەن کە فەلەکناس دوای ئەوەی لەگەڵ بنەماڵەکەی تووشی کێشە دەبی



دەکەوێتە ژێر فشارەوە کە دواتر وەک رێگا چارە پەنا دەباتە بەر خۆسووتاندن.

هەروەها ماوەیەک لەوە پێشیش لە ناوچەی رەبەت و لە گوندی بانەزێر ژنێکی دیکەش بە ناوی شەهلا مەولوودی بە هۆی کێشەی خێزانی بە خۆسووتاندن کۆتایی بە ژیانی هێنابوو.

شایانی باسە کە ئاماری خۆکوژی ژنان لە پارێزگاکانی کوردستان بە تایبەت لە پارێزگای ئیلام زیاتر لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێرانە و کارناسانی کۆمەڵایەتی هۆکارە ئابووری و کلتوورییەکان بە سەرچاوەی سەرەکیی ئەو قەیرانە لە کوردستان دەزانن.

## شێرکۆ مەعارفی:

# بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدام درێژە بە تێکۆشانتان بدەن

شێرکۆ مەعارفی چالاکی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئیعدام لە زیندانی سەقزەوە بە نووسینی نامەیەک بۆ رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ، وێڕای سپاس لە هەوڵی ئەوان بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمەکەی، داوای کردوە کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئیعدامەکان درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن.

شێرکۆ مەعارفی لە بەشێکی نامەکەیدا نووسیویەتی کە لە هەلومەرجی سەخت و دژوار و هەروەها ناڕوونی داهاتووم و لە هەر هەلومەرجێکدا کە هەبم، جێی خۆیەتی کە سپاسی خۆم پێشکەشی هەموو لایەک و بە تایبەت رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ بکەم کە هیچ شتێک بۆیان گرینگتر لە گیانی مرۆڤەکان نیە. بێگومان هەوڵەکانی ئەوان جگە لە خۆشەویستیی مرۆڤ و سەربەستی شتێکی دیکە نیە، چونکی ئێمە وەکوو هەمیشە دوژمنی نەزانی و چەوسانەوە بووین و رێز لە لایەنگرانی مرۆڤایەتی دەگرین.

شێرکۆ لە درێژەی نامەکەیدا وێڕای رێز لە رۆژی یەکی مەی، رۆژی جیهانیی کرێکار و پیرۆزبایی لە چینی کرێکار نووسیویەتی کە هیوادارم رۆژێ هەژاری و نەزانی و کوشتن بنەبڕ بێ و کۆیلەتی و چەوسانەوە و ئەشکەنجە و تەنافی سێدارە جێی خۆی بە بەرابەری و برایەتی و ئاشتی بدا و ئینسان بگاتە جێگایەک کە هیچکات لە بەر



جیاوازیی بیروباوەڕ نەکەوێتە بەر پەلامار و هەڵاواردن و دوور خستنەوە.

شێرکۆ مەعارفی لە کۆتایی نامەکەیدا دەنووسێ کە جارێکی تر سپاسی هەموو ئینسانە ئازادیخوازەکان و رێکخراو و حیزبەکان لە سەراسەری جیهان دەکەم کە بە دژی حوکمی ئیعدام لە ئێران و جیهان تێ کۆشاون و بە نووسینی نامە و خۆپیشاندان و بە کۆبوونەوە و راگەیاندراو بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدامی من و هەموو زیندانیانی سیاسی کە حوکمی ئیعدامیان بە سەردا سەپاوە، هەوڵیان داوە و هیوادارم کە ئەم هەوڵ و تێکۆشانانە تا هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئیعدامەکان درێژە پێ بدەن.

## خەلیل بەهرامیان:

# حوکمی ئێعدامی شێرکۆ مەعارفی پێچەوانەی قانوونەکانی ئێرانە



خەلیل بەهرامیان، پاریزەری شێرکۆ مەعارفی رایگەیاندوە کە حوکمی ئێعدامی شیرکۆ مەعارفی، زیندانیی سیاسیی کورد پێچەوانەی قانوونەکانی سزادانی کۆماری ئیسلامییە و ئەو پەروەندەیە لە رێرەوی قانوونیی خۆی لای داوە.

خەلیل بەهرامیان لە وتوویژ لە گەڵ رادیۆ « نەدا» دا رایگەیاندوە کە لە رەوتی پەروەندەی شیرکۆ مەعارفیدا سەرەتا دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ٥ ئیرادی لەو پەروەندەیە گرتوە و حوکمی « محاربە»ی شیرکۆی پێچەوانەی بڕیارەکانی شەرع داناوە و پەروەندەکەی بۆ دادگای سەقز

ناردۆتەوە. بەڵام لە پێداچوونەوەی ئەو پەروەندەیەدا لە دادگای تێهەڵچوونەوەی پاریزگای سنە دیسانەکە پێ لە سەر « محارب» بوونی شێرکۆ داگیراوەتەوە و ئەوەش پێچەوانەی قانوونە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامییشە.

خەلیل بەهرامیان، پاریزەری شێرکۆ مەعارفی لە بەشیکی دیکەی ئەو وتوویژەدا رایگەیاندوە کە تاوانی سەرەکی گرتنی گیانی رۆڵەکانی ئەو نیشتمانەیە و ئەوە خامەنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامییە کە دەبێ رێگە نەدا رۆڵەکانی ئێرانی سووک و ئاسان گیانیان لێ بستێندرێ.

خەلیل بەهرامیان لە کۆتایی وتوویژەکەیدا گوتویەتی کە ئەو بارودۆخە کاریگەریی زۆری لە سەر داناوە و ئەوان جیا لە رێکارە قانوونییەکان هیچی دیکەیان لە دەست نایە و پێویستە کە بان کی مون، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان راستەوخۆ داوا لە خامەنەیی بکا کە حوکمی ئیعدامی شێرکۆ مەعارفی هەڵ وەشێنێتەوە.

# سەردانی هەیئەتێکی حیزبی خەڵکی بەلووچستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



هەیئەتێک لە حیزبی خەڵکی بەلووچستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

پێشنیوەڕۆی رۆژی سێشەممە ٦ی بانەمەڕ (٢٠١١/٤/١٦) هەیئەتێک لە حیزبی خەڵکی بەلووچستان پێکهاتوو لە ناسر بۆلەیدەیی، ئیبراهیم لەشکر زێهی و ئیبراهیم بەلووچی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی

دێموکراتی کوردستانی کردلە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی هاوبەشدا، هەیئەتی میوان تیشکی خستە سەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی خەڵکی بەلووچستان و زۆر لایەنی ستەم و هەڵاواردنی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لە دژی بەلووچەکانی روون کردەوە.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەم حیزبەیان لە پێوەندی لەگەڵ پرسە هەنووکەیەکاندا بۆ هەیئەتی میوان شی کردەوە و هەر دوو هەیئەت خۆشحاڵیی خۆیان لە نزیکبوونی سیاسەت و هەڵوێستەکانیان بە تایبەتی لە بارەی چۆنیەتیی چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی لە ئێران دەربڕی و لەسەر پێوەندی دۆستانە و پێویستیی بیروڕا گۆڕینەوەو هاوفکری لەسەر پرسە هاوبەشەکان پێیان داگرتەوە.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ باس لە سەر دوایین رووداوەکانی سورییە لە بنکەیەکی سەر بە دەفتەری سیاسیی حدک



رۆژی پێنجشەممە، ١ ی بانەمەڕ لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حدک، بۆ باس کردن لە سەر رووداوەکانی ئەم دواییانەی سووریەو دەورو نەخشی کورد لەو سەرهەڵدانانەدا کۆبوونەوەیەک بۆ بەرێز دوکتور ئیبراهیم مەحموود، چالاکی سیاسی و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین پێک هات.

دوکتوور ئیبراهیم مەحموود کە خۆی خەڵکی شاری قامیشلوویە و لە کوردە بێ ناسنامەکانی ئەو بەشە لە کوردستانە، لەسەرەتای باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمەی کورد بەداخەوە ئەوەندەی پێویستە ئاگامان لە رووداوەکان و مێژووی یەک لە بەشەکانی دیکەی کوردستان نیە و دەبێ هەوڵ بدەین ئەم کەلێنە پڕ بکەینەوە.

بەرێز ئیبراهیم مەحموود لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بەوە دا کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و ئازادیخوازی کورد لە رۆژئاوای کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەیتوانیوە

بەو شێوەیەی کە پێویستە وەک بزووتنەوەیەکی چالاک و کاریگەر لە رووداوەکانی نێوخۆی سووریەدا دەر بکەوێ.

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە زۆربوونی حیزبەکانی رۆژئاوای کوردستان و یەک نەگرتنیان و بێ بەرنامەییان وەک بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان یەکێک لەو کێشانەیە کە کورد لە رۆژئاوای کوردستان لەگەڵی بەرەو روویە،

ئیبراهیم مەحموود ئەوەشی روون کردەوە کە دەسەڵاتدارانی سووریە جیا لەوەی رێگریان کردوە لەوەی کورد خاوەن ناسنامەو تەنانەت مافی درێژەدان بە خوێندن بێ، خاکەکەشی تەعریب کراوەو لە پەنا هەر گوندێکی کورد کە هیچ خزمەتگوزاریەکی بۆ نەکراوە گوندێکی عەرەب بە هەموو خزمەتگوزارییەکانی سەردەم قوت کراوەتەوە و بەپشتیوانیی دەوڵەتی سووریە عەرەبەکان دەست بەسەر ملک و ماڵی کورددا دەگرن بەبێ ئەوەی ئیزن بە کورد بدەن کە داکۆکی لە خۆی بکا.

بەرێزی لە کۆتایی باسەکەیاندا ئاماژەیان بە رووداوەکانی ئێستای وڵاتی سووریە کرد کە جیا لەوەی کورد پێشتر دژبە سەرەرۆییەکانی دەوڵەت ناو بەناو خۆپیشاندانی دەکرد ئێستا گەلی عەرەب خوازیاری لاچوونی ئەو سیستمەن کە بەسەر سووریەدا زاڵە. بەرێزی ئاماژەی بەوەدا کە کورد لە سەرهەڵدانەکانی ئەم جارەدا دەورو نەخشی باشی هەیەو لاوانی کورد لە ناوخۆی رۆژئاوای کوردستان توانیویانە ئەم خۆپیشاندانانە ئامانجدار بکەن و هەنگاوەکانیان بۆ دابینکردنی ویستەکانیان بەهێز بکەن.

# کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان له سلێمانی بەڕێوەچوو



رۆژی پێنج شەممە ١/ ١٣٩٠/٢ یەکەمین کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان له هۆڵی تەوار له شاری سلێمانی دەستی به کارەکانی کرد و ئێوارەی رۆژی هەینییش کۆتایی پێهات.

**رۆژی یەکەمی کۆنفرانس**

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی پێنج شەممە ١٣٩٠/٢/١ به بەشداریی ژمارەیەکی زۆر له چالاکان و رێکخراوەکانی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز و هەروەها به ئامادە بوونی نوێنەرانی زۆربەی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کرد. سەرەتا ساتێک بێدەنگی راگەیەندرا بۆ رێز گرتن له گیانی هەموو ئەوانەی له رێی دادپەروەری و یەکسانیدا گیانیان له دەست داوە و به تایبەت هەموو ئەو ژن و کچانەی به شێوەیەکی نامرۆڤانه گیانیان لێسەندراوە. پاشان سروودی یەکسانی پێشکەش کرا. به دوای ئەوەدا وتاری کردنەوەی کۆنفرانس له لایەن گوڵنار قوبادی، یەکێک له ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆنفرانس پێشکەش کرا. هەر به دوای کردنەوەی کۆنفرانسدا پەیامی حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان له لایەن نوێنەرانی خۆیانەوە پێشکەش کرا. ئەو حیزب و رێکخراوانەی پەیامیان ناردبوو بۆ کۆنفرانسەکە بریتی بوون له:

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، رەوتی سوسیالیستیی کۆمەڵە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، مەکتەبی رێکخستنی پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان، رێکخراوی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن به ژنان، سەنتەری دێ، ناوندی پێشەوا (نورویژ)، لیژنەی داکۆکیکاری له مێینه، رێکخراوی مافی ژنی کورد، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران.

به دوای پەیامەکاندا دەستەی بەڕێوەبەریی کۆنفرانس به بەشداران ناسێندرا که بریتی بوون له: ١- گوڵاڵه شەرەفکەندی ٢- جەمیله رەحیمی ٣- ناهید بەهمەنی ٤- شەهێن حەیدەری ٥- شەهلا حەیدەری ٦- گوڵروخ قوبادی ٧- فایزه ساڵحی ٨- ناهید موکری ٩- گوڵنار قوبادی. لەدرێژەدا شاعیری بەناوبانگ شێرکۆ بێکەس شێعرێکی به هەستی خوێندەوە.

له کۆتایی بەشی یەکەمی کۆنفرانسدا گرووپی کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان ریزه هەڵپەرکێیەکی جوانیان پێشکەش کرد.

کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆی هەمان رۆژ کۆنفرانس دەستی به کارەکانی کردەوە. سەرەتا کورته فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر خەبات و رۆڵی ژنان له کۆمەڵگەدا، که لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان (دەرەوەی وڵات) ئامادە کرابوو پێشکەش کرا.

بەدوای ئەودا پانێلەکان دەستیان پێکرد و وتاری شەهرزاد موجاب له لایەن شەهێن حەیدەرییەوە خوێندرایەوە.

**پانێلی یەکەم: فیمینیزم**

باسێک لەسەر ستەمی شاراوە و نادیار و سەردەمیانه لەسەر ژنان له لایەن بەڕێز کوێستان گادانییەوە پێشکەش کرا. به دوای قسەکانی خاتوو کوێستان گادانیدا گوڵروخ قوبادی باسێکی لەسەر گەشەی فیمینیست له کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان پێشکەش کرد. باسی سێهەمی پانێلی یەکەم قسەکانی خاتووشلیر باپیری بوو لەسەر چەسپاندنی کولتووری فیمینیزم.

پانێلی یەکەم کاتژمێر ١٢ کۆتایی پێهات. بەڕێوه بەری ئەم پانێله خاتوو گوڵاڵه شەرەفکەندی بوو.

**پانێلی دووهەم : «دوو نەسڵی چالاکی ژنی کورد»**

کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی هەمان رۆژ پانێلی دووهەم لەسەر تەوەری «دوو نەسڵی چالاکی ژنی کورد» دەستی پێکرد.

لەم بەشەشدا بەڕێزان گەلاوێژ حوسێنی، دیبا عەلی خانی و پەروین شافعی باسەکانی خۆیان پێشکەش کرد. خاتوو گەلاوێژ باسێکی له ژنانی نێو حیزبەکان بەتایبەت ئەزموونەکانی خۆی له ریزی پێشمەرگایەتیدا کرد. خاتوو دیبا عەلی خانییش باسی له خەبات و تێکۆشانی ژنانی کوردستان له دژی کۆماری ئیسلامی کرد، کۆمەڵێک ئەزموونی خۆیان و هاوکارەکانی له شاری سنه باس کرد و هەر لەم پێوەندییەشدا فیلمێکی له چالاکییەکانیان له شاری سنه پیشاندا. بەڕێوەبەری ئەم پانێله خاتوو ناهید موکری بوو.

**رۆژی دووهەمی کۆنفرانس:**

بەرنامەکانی رۆژی دووەم به موزیک وفیلمی وێنەیی له تێکۆشانی ژنان دەستی پێکرد و له درێژەدا پانێلی سێهەمی کۆنفرانس دەستی پێکرد.

**پانێلی سێهەم: ژن و سیاسەت**

لەم بەشەدا بەڕێزان ئەحمەد ئەسکەندەری، کوێستان فتوحی و هەژار رەحیمی باسەکانی خۆیان هەریەک له ٢٠ دەقیقەدا پێشکەش کرد. قسه و باسەکانی ئەم ٣ کەسه پێوەندییان به خەباتی ژن له ریزی پێشمەرگایەتی و رۆڵی ژن له بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا و ژن له بەڕێوەبەریی حیزبەکان وهەروەها کەلتووری پیاوسالاری هێزه کوردییەکانەوە بوو. دواتر بەشداران چالاکانه لەم باسانەدا بەشدارییان کرد و کۆمەڵێک پرسیاریان رووبەرووی کۆرگێران کردەوە. پاشان به وڵامدانەوە و تێبینییەکانی هەرکام له کۆرگێران کۆتایی بەم باسەش هات. بەڕێوەبەری ئەم پانێله فایزه ساڵحی بوو.

پاشنیوەڕۆی هەمان رۆژ کۆنفرانس به قەتعه موزیکێک له لایەن هونەرمەندێکی لاوەوە دەستی پێکردەوە.

**پانێلی چوارەم: ژنی کورد له مێژوو و هونەردا**

لەم بەشەدا بەڕێز سۆران عەلی پوور باسێکی تێر و تەسەلی له مێژووی نەتەوەی کورد و ژنان له بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگه و زمان له بەرهەمهێنانی کەلتووری پیاوسالاریدا پێشکەش کرد. دوابەدوای باسەکەی کاک سۆران و پرسیار و وڵامەکانی ئەم بەشە، ناهید موکری له لایەن کەمپەینی کەبوودوەندەوە باسی له کاری هاوبەشی ژنان لەم کەمپەینەدا و ئەزمونی ئەم کارە هاوبەشەی به لایەنە موسبەت و مەنفییەکانەوە کرد. بەڕێوەبەری ئەم پانێله خاتوو شەهلا حەیدەری بوو.

**پانێلی کۆتایی: روو به داهاتوو (چبکەین)**

پاش حەسانەوەیەک پانێلی کۆتایی به ناوی روو به داهاتوو (چبکەین) دەستی پێکرد. لەم پانێلەدا بەڕێزان ناهید بەهمەنی، سوهەیلا قادری جەمیله رەحیمی و شەهێن حەیدەری هەریەک به نۆرەی خۆیان کۆمەڵێک پێشنیار و بەرنامەیان خسته روو که ژنان دەبێ له داهاتوو دا چ بکەن بۆ ئەوەی خەباتەکەیان باشتر بەڕێوه بەرن بۆ گەیشتن به ئامانجەکان و هەروەها درێژەی ئەم کارانه واته گرتنی کۆنفرانسی لەم شێوەیە.

کاتژمێر ٥ی دوانیوەڕۆی هەمان رۆژ به خوێندنەوەی کۆبەندی کارەکانی کۆنفرانس له لایەن بەڕێزان فایزەو گوڵنارەوە کۆنفرانس کۆتایی به کارەکانی خۆی هێنا.

# کاردانەوە جیهانییەکان به کوژرانی ئۆسامه بن لادەن

دە ساڵ دوای کردەوە تێرۆریستیەکەی ١١ سێپتامبر له ئەمریکا گرووپیک له کۆماندۆ تایبەتییەکانی ئەمریکایی ئۆسامه بن لادنیان له پاکستان کوشت و دوای ئەم رووداوە زۆربەی دەوڵەتان و سیاسەتمەدارانی جیهانی هەڵوێستی خۆیان لەو بارەیەوە دەربڕی.

دوابەدوای کوشتنی ئوسامه بن لادەن رێبەری تۆری تێرۆریستیی ئەلقاعیده له لایەن ئەمریکاوە، گیدۆ وسترۆله وەزیری دەرەوەی ئاڵمان رایگەیاند که کوژرانی بن لادەن هەواڵێکی خۆش بۆ هەموو مرۆڤه ئاشتیخوازو ئازادیخوازەکان له ئاستی جیهاندا بوو. ناوبراو باسی لەوە کرد که بن لادەن یەکێک له بێ بەزەییترین تێرۆریستەکانی جیهان بوو که خوێنی به هەزاران مرۆڤی رشتبوو.

وەزیری دەرەوەی ئاڵمان له سەر ئەگەری کردەوەی تۆڵه ئەستێنانه وریایی داوەو رایگەیاندوە که، ئێمه دەبێ بەردەوام وریا بین له بەر ئەوەی قسه لەسەر ئەمنیەت و ئازادیی ئێمەیە. ناوبراو ئەوەشی روون کردەوە که دوور نیه که دۆستان و لایەنگرانی بن لادەن هەوڵ بدەن که کردەوەی توند و تیژ و تۆڵه ئەستێنانه له جیهاندا بەڕێوه ببەن.

دێیڤید کامیرۆن سەرۆک وەزیرانی بریتانیاش رایگەیاندوە که هەواڵی کوژرانی بن لادەن کۆمەڵگای جیهانی دڵنیا کردەوە.

ناوبراو باسی لەوە کرد کە، بن لادەن بەرپرسی کارەساتبارترین کردەوە تێرۆریستییەکانی جیهان بووە که تا ئێستا جیهان دیویەتی. کردەوەی وەک ١١ سێپتامبرو زۆر کردەوەی دیکه که بوونه هۆی کوژرانی هەزاران مرۆڤ یەک لەوان هاووڵاتیانی بریتانیا و کوشتنی بن لادەن سەرکەوتنێکی گەورەیە.

نیکۆلای سارکۆزی سەرکۆماری فەرانسەش له بەیاننامەیەکدا رایگەیاند که کوژرانی بن لادەن رووداوێکی گەورە بوو له خەباتی کۆمەڵگای جیهانی لەدژی تێرۆریزم. فەرانسه جیا لەوەی بەردەوامی خەباتی ئەمریکای بەرز نرخاندوە، پێداگری لەسەر ئەوەش کردەوە که مردنی رێبەری ئەلقاعیده به مانای کۆتایی هاتنی تێرۆریزم نیە، بەڵکوو خەبات له دژی تێرۆریزم دەبێ بەردەوام درێژەی هەبێ.

جێرزی بوزک، سەرۆکی پارلمانی یەکیەتیی ئوروپپاش دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوژرانی بن لادەن، خۆشحاڵیی خۆی له کوژرانی رێبەری ئەلقاعیده دەربڕی .




ناوبراو لەم پێوەندییەدا و له بەیاننامەیەکدا که له برۆکسێلەوە بڵاو کراوەتەوە کوتویەتی که هەرچەند خەباتی له دژی تێرۆریزم کۆتایی پێ نەهاتوە بەڵام بەم کارە هەنگاوێکی گەورە له دژی ئەلقاعیده هەڵ گیراوە. جێرزی بوزک سەرۆکی پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا له درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە که، کوژرانی بن لادەن به واتای ئەمنیەتی زیاتر بۆ ملیۆنان ئینسان به موسڵمان و مەسیحی له هەموو جیهانه که باوەریان به ژیانی پێکەوەیی هەیە.

رێبەرانی فەرانسە، بریتانیا و ئاڵمانیش رایانگەیاندوە که کوژرانی بن لادەن سەرکەوتنێکی گەورەیە بەڵام هاوکات پێداگریان لەسەر ئەوەش کردۆتەوە که، دەبی وریا بین لەبەر ئەوەی شەڕ له دژی تێرۆر کۆتایی پێ نەهاتوە.

لەم پێوەندییەدا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی پاکستان، وەک یەکەم دژ کردەوە بەرانبەر به کوژرانی بن لادەن رایگەیاند که کوژرانی بن لادەن ورەو توانایی لێبڕاوانەی پاکستان له شەر بەدژی تێرۆر پیشان دەدا.

لەم پێوەندییەدا حامید کارزای سەرکۆماری ئەفغانستانیش رایگەیاند کە، کوژرانی بن لادەن له پاکستان ئەوە نیشان دەدا که، شەر له دژی تێرۆر دەبێ له خاکی وڵاتی دراوسێوە درێژه بکێشێ. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەفغانستان لەسەر ئەم رووداوە رایگەیاندوە که کوژرانی بن لادەن ئەوەی سەلماندوە که تێرۆریستەکان له خاکی پاکستان خۆیان حەشار داوە.

وەک دژکردەوە بەرانبەر به کوژرانی بن لادەن یەکیەتیی ئورووپاش لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند که کوژرانی بن لادەن دەسکەوت و سەرکەوتنیکی گەورەبوو له شەر دژی تێرۆریزمدا.

لەم بەیاننامەیەی یەکیەتیی ئورووپادا هاتوە که، به لەبەرچاوگرتنی ئەوەی مردنی بن لادەن ئەمنیەت له جیهاندا سەقامگیر دەکا، بەڵام یەکیەتیی ئورووپا وێڕای ئەمریکاو هاوپەیمانانی له ئاستی نێودەوڵەتی و دۆستەکانی له دونیای ئیسلامدا بەمەبەستی خەباتی دژی توندوتیژی و سەرەرۆیی و بەمەبەستی پەرەسەندنی ئاشتی و ئارامی چالاکیەکانیان درێژه پێ دەدەن.

شایانی باسه که دوای ئەوەی هەواڵ و زانیارییەکان لەسەر کوژرانی ئوسامه بن لادەن سەرۆکی تۆری تێرۆریستیی ئەلقاعیده بڵاوبوونەوە، هیزی ئیسلامگەرای حەماس وێرای دەربرینی پێناخۆش بوون لەسەر کوژرانی رێبەری ئەلقاعیده، کوژرانی بن لادەنی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە مەحکووم کرد.

ئەم هەڵوێستەی حەماس له کاتێکدا راگەیەندرا که زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهانی خۆشحاڵیی خۆیان له کوژرانی ئوسامه بن لادەن دەربڕیوە.

# به ژێنۆساید ناسرانی ئەنفال کردنی بارزانییەکان له لایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە



«ئەیاد کاکەیی» ئەندامی دەستەی پارێزەرانی پەروەندەی بارزانییەکان رایگەیاندوە که رۆژی سیشەممە، ١٣ ی بانەمەر دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ئەنفالی بارزانییەکانی به ژێنۆساید و تاوان دژی مرۆڤایەتی ناساند.

ئەیاد کاکەیی له پێوەندی لەگەڵ دانیشتنی رۆژی سێشەممەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق به ئاژانسی پەیامنێری راگەیاندوە ئەو دادگایە وێڕای به ژێنۆساید ناساندنی پەروەندەی ئەنفاڵ کردنی بارزانییەکان به پێی مادەی ١١و به پێی مادەی١٢ ی تاوانی دژه مرۆڤایەتی ئەو سزایانەی به سەر تاوانبارەکانی ئەو پەروەندەیە سەپاندوە:

«سەعدوون شاکر مەحمود» که له ساڵی ١٩٨٣ له کاتی بێسەروشوێن کردنی بارزانییەکان وەزیری نێوخۆی رژێمی بەعس بووە، سزای ئێعدامی بەسەردا سەپێندراوەو «وەتبان ئیبراهیم حەسەن» که زڕبرای سەدامە، له بەر ئەوەی له دۆکیۆمێنتەکانی ساڵی١٩٨٣ هیچ بەڵگەیەک دژی ئەو نەبووە به بێتاوان ناسراوەو دادگا بڕیاری ئازاد کردنی داوە. هەروەها «حکمەت مزبان ئیبراهیم» جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی رژێمی سەدام له ساڵی١٩٨٣، به پێی مادەی١٢ زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێندراوە و «حامد یوسف حەمادی»، سکرتێری سەددام، سەرۆک کۆماری عێراق، به دە ساڵ زیندان سزا دراوە و « تاریق عەزیز» ، ئەندامی مجلس قیادەی سەورە و قیادە قوتری، به زیندانی هەتاهەتایی سزا دراوە و «سوفیان ماهر حەسەن» ، ئەفسەری گاردی کۆماری له که له ساڵی١٩٨٣ بەشداریی له گرتن و بێسەروشوێن کردنی بارزانییەکان کردوە، به ٧ ساڵ زیندان مەحکووم کراوە.

# هیوا لەوپەڕی بێ هیوایی دا

## (بە بۆنەی ڕۆژی کرێکارەوە )

حسێن ئەحمەدپوور

مەحموودئەحمەدینژاد سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران. شەوێک بەرلە کەوتنە بواری جێبە جێ کردنی برنامەی ئامانجدار کردنی یارانە کان چەند دێڕی سەرنجڕاکێشی وت، کە هیچ هاووڵاتییەکی ئێرانی چاوەڕوانی ئەو قسانەیان لە ناوبراو نەبووە، ئەو وتی:

_ ساڵی ١٣٩٠، ١/٢/٠٠/٠٠٠ دەرفەتی کاری بۆ بێکاران دەرەخسێنین!

_ تاکۆتایی دەوڵەتی دەیەم، لەئێران کێشەی بێکاری نامێنێ!

_ تاکۆتایی دەوڵەتی دەیەم، لە ئێران کێشەی خانوو «مسکن» نامێنێ

_ تاکۆتایی دەوڵەتی دەیەم، لەئێران هەژاری دەگاتە کەمترین ئاستی خۆی

ناوبراوهەروە هاتی:

_بۆبنەماڵە یەکی ٥ کەسی لەمانگدا، داهاتی ٢میلیۆن تەلە پێویستە تاژیانێکی ئاسایی بەڕیوەببەن .

_ تە حریمەکان هیچ کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەرژیانی خەڵک دانانێن و کەس نابێ نێگەران بێ.

_ دۆخی خوشگوزەرانیی خەڵک لەماوەی دەوڵەتی نۆیەم و دەیەم دا ڕوژ بە ڕوژ باشتربووە و ئامانجدارکردنی یارانەکان بەدلنیاییەوە ڕەوتێکی خێراتر بە باشتر بونی ژیانی خوشگوزەرانی خەڵک دەدات.

ئەوبڕە یارانەیەی کە بەخەڵک دەدرێ، بەرادەی پێویست زۆرە، خەڵک مەجبورنین زور خەرجی بکەن بەڵکوو باشترە پاشە کەوتی بکەن.

**ئەوانەی سەرەوە قسەی سەرۆک کۆمار وەک خۆی بوون، سەرنجی ئەم چەند دێڕەی خوارەش بدەن:**

_ لە ساڵی ١٣٨٩دا نزیک بە٤٠جار مانگرتن وکۆبوونەوەی نارەزایەتیی کرێکاری لەئێران بەڕێوەچوون

_ زۆربەی نارەزایەتییەکان بە بۆنەی وەدرەنگ کەوتنی پێدانی حەقدەستەکان بۆماوەی ٨ تا ٢٢ مانگ بووە.

_ بە پێی ئاماری کۆمەڵەی چالاکانی مافی مروڤ لەساڵی ١٣٨٩، ٢٧٣٠٠ پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە بواری کرێکاری را رووی دادە.

_بەهۆی کاریگەریی گەمارۆکان و سیاسەتەکانی دەوڵەت لە ساڵی ١٣٨٩، زیاتر لە نیوەی کارگە و یەکە بەرهەمێنەرەکان داخراون یان وەرشکست بوون و بەدەیان هەزار کرێکار بە بێ بیمە، بیکار بوون.

بە پێی ئاماری ڕەسمی، ٤/٥ میلیۆن کەس بێکارن و ڕێژەی بێکاری ١٤/٦ لە سەدە. ئامارە



نافەرمییەکان وەک ئاماری ماڵی کرێکار لە ( ١٧٪) تا ٢٥ لە سەد ڕێژەی بێکاری ڕادەگەیەنن.

. هەڵاوسان لە بەشی خۆراک ٩١٪ بوو.

. گەشەی ئابووری لە ساڵی ١٣٨٩ (١٪) یەک لە سەد بووە و سندووقی نێونەتەوەیی دراویش بۆ ساڵی داهاتوو، (٠ ٪) سیفر لە سەدی پێش بینی کردوە

. «شورای بەرزی کار» نێونجی حەقدەستی کرێکارانی بۆ ساڵی ١٣٩٠، ٣٣٠/٣٠٠ تمەن ڕاگەیاند، ئەوە لە کاتێک دایە کە هێڵی هەژاری ٧٠٠/٠٠٠ تمەن ڕاگەیەنراوە

. « خانە کارگر»: کرێکاران تەنیا بۆ دابین کردنی لانیکەمی پێداویستییە خواردەمەنییەکان پێویستیان بە لانیکەم ٤٨٧ هەزار تمەن هەیە.

. زۆربەی نزیک بە تەواوی کارناسانی و ئابووریناسان لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە ساڵی ١٣٩٠دا بە دوو هۆکاری گەمارۆئابوورییەکان و بەرنامەی ئامانجدارکردنی یارانەکان، هەڵاوسانی ئابووری دەگاتە بەرزترین ئاستی خۆی (٢٠ تا ٢٥) لە سەدی، بەشێکی بەرچاوی کارگە بەرهەمهێنەرەکان وەرشکست یان دادەخرێن و خەڵکێکی زۆر بێکار دەبن:

***

**کەواتە**

. ئەگەر گەشەی ئابووری «سیفر لە سەد» بێ و کارگە بەرهەمهێنەرەکان دابخرێن و .. دروست کردنی ١/٦٠٠/٠٠٠ دەرفەتی کار لە ساڵێک دا و چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری ٤/٥ میلیۆن کەس مەگەر لە ئاسمان روو بدا.

کرێکاران هەموو لە ژێر هێڵی هەژاری دان، بە چوونە سەری ڕێژەی هەڵاوسان، دۆخی کرێکاران زۆر لەوە خراپتر دەبێ.

. دەوڵەت باشترە بە جێگەی دروست کردنی دەرفەتی کار، لە پێش دا دوو کێشەی کرێکاران چارەسەر بکا، یەکەم: پێدانی حەقدەستەکانیان با لە ٢٢ مانگ زیاتر تێپەر نەبێ (!) و دووەم: کرێکاران کارەکانیان لە دەست نەدەن

. ٣٣٠/٣٠٠ تمەنەکەی «شورای بەرزی کار» لە کوێ و ٢ میلیۆن تمەنەکەی ئەحمەدی نژاد لە کوێ (؟!). جەنابی سەرکۆمار تەنیا پێوەندی نێوان ئەو دوو ڕەقەمە لێک بداتەوە، بەڵێنەکانی دیکە پێشکەشی خۆی.

. درێژەدان بە لێکدانەوەی پێوەندیی نێوان ئەو ڕستانەی سەرەوە بۆ خۆم بە کارێکی باش نازانم چونکە لە خەفەتان مرۆڤی ئاسایی تووشی خەمۆکی دەکاو هەڵبەت هیوای ئۆپۆزیسیۆن دەبووژێنێتەوە کە ساڵی داهاتوو ساڵی نارەزایەتییە کرێکارییەکان و نارەزایەتی لە بارودۆخی نالەباری ئابووری بێ.

---

# نامەیەک

# لە ژوورە دووکەڵوییەکەی بەندیخانەی مینابەوە

**کەماڵ شەریفی ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسیی بەندکراوی کورد لە دوایین نامەیدا، لەناو چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە وێڕای پیرۆزبایی بە بۆنەی سەد و سێزدەیەمین ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ئێستای ڕۆژنامەنووسیی کوردی، تیشک دەخاتە سەر زۆر بابەتی هەستیار و بارودۆخی ناخۆش و ئازاردەری ناو زیندان و تووش کردنی بەندییەکان بە ماددە هۆشبەرەکان و ... ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەی کەماڵ شەریفییە:**

لەو ماوەیەدا کە بە دیل گیرام، کۆمەڵێکی زۆر ڕۆژنامەوان و نووسەر و ئەدیب و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی پاڵپشتیی خۆیان بۆ ڕزگارکردنی گیانی ئەم بچووکە ڕاگەیاند؛ لە ژوورە دۆکەڵاوییەکەی بەندیخانەی مینابەوە، سەری ڕێز و نەوازش دادەنەوێنم بۆ ئەو کەسانەی کە پاڵپشتی خۆیان دەربڕی و کڕنۆش دەبەم بۆ ئەو ئیمزایانەی کۆکرانەوە.

**بە ناوی ئازادی و مرۆڤایەتی**

لێرەدا بۆنی بەنگ و دووکەڵی سیگار ژوورەکەی بەتەواوی تەماوی کردووە. بۆ ئەوەی بۆنی بەنگ و تریاکەکە زۆر بڵاوە نەکا؛ کلۆیەک شەکر یان لەتێک نان ئەسووتێنین یان ئەوەیکە عوودێکی هێندی دادەگیرسێنین. هەموو چەشنە ماددەیەکی هۆشبەر کەمێک گرانتر لە نرخی دەرەوەی زیندان لیرە دەست دەکەوێ؛ هەر لە حەب و بەنگەوە تا دەگاتە شیشە و مۆرفین و تریاک. گەورەترین دۆستایەتی و هەستی هاودەردی و نزیکایەتی، خوڵق کردنی یەکترە بۆ مژە دووکەڵێکی بەنگ و تریاک یان هەڵم و بۆقێکی شیشەکێشان. هێنانی ئەم ماددە هۆشبەرانە بۆ ناو ژوورەکانی زیندان، کارێکی ئاستەم و دژوار نییە، لە ڕێگەی مەئموورەکانی زیندان یان ئەو زیندانیانەی دەچنە مەرەخەسی و دێنەوە، تەنانەت لە ڕێگەی ملاقات کردنی کەسی زیندانییەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی وەک دایک و باوک و خوشک و برا دێن بۆ چاوپێکەوتنی. ئەوانەش کە توانای کڕین و هاوردنیان نییە لە ڕێگەی کارکردن و خاوێن کردنەوەی حەمام و ئاودەست و نۆکەری کردنی کەسانی تایبەت و دەست فرۆشتنەوە؛ تەنانەت کەم نین ئەو کەسانەی کە بۆ وەدەست هێنانی کەمێک تریاک و بەنگ پەنا دەبەنە بەر لەشفرۆشی. لێرەدا، لەم بەندیخانەیەدا، ئەو شوێنەی کە ڕۆژانە جگە لە مامڵەی حەب و حەشیش و تریاک و شیشە، هیچ باسوخواسێکی تێدا نییە و شەوانیش وەک شیرەکێش خانەکانی دەورانی قاجاڕی لێدێ و هەر یەکەو نەشەی ماددەیەکی هۆشبەرە. شارێکی پەنجاوشەش هەزار نەفەری کە نزیکەی هەشتسەد کەس ئاماری زیندانییەکانیەتی و لە سەدا نەوەدی زیندانەکانیشی گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکانن. لە هەزارەی سێیەمدا و لە وڵاتی نەوت و گاز دا، تەنیا بەرامبەر بە نیسکێک فرمێسک و دانەیەک حەب و کەمتر لە نۆکێک حەشیش و هەڵمژینی هەڵم و بۆقێکی شیشە، مرۆڤی وا پەیدا دەبێ کە ئامادەیە هەرچی لیباس و پەتوو و پێخەف هەیە بیشۆا بۆ ئەوەی لە خوماری دەرباز بێ. ڕەنگە لێرەدا پاڵەوانی نانەڕەقەکەی محەممەدی شوکری، بۆگەنی ماشێن و ڕشانەوەی پێ باشتر بێ، تاکوو ئامادە بێ شەوێک بە میوانی لێرەدا بمێنێتەوە. لێرەدا تەنیا هاوەڵم چوار کورە کوردی کوێستانی و چەند ژمارەیەکی گۆڤار و بڵاڤۆکە ناوخۆییەکانی کوردستانن، جگە لەوە ڕۆمانی غەزەڵنووس و باغەکانی خەیاڵ و هەروەها کۆشکی باڵندە غەمگینەکانی بەختیار عەلی و چەند کتێبێکی کوردی دیکەم بەدەست گەیشت کە جگە لەو سوودەی پێیان گەیاندم، شەوانێک هاواڵی تەنیاییم بوون، لێرەدا لە سووچی بەندیخانە ناوەندییەکەی شاری مینابەوە، لە کۆژووری ژمارە سێ دا هەر لەو ژوورەی کە دووکەڵی بەنگ و تریاک تەماوی کردووە، پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ١١٣ سێزدەهەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردستان دەکەم و ڕۆژی لەدایک بوونی ڕۆژنامەی کوردەواریتان باش.



لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەرکی ڕۆژنامەگەری ١١٣ ساڵە کە بەشی هەرەزۆری ژیانی خۆی لە تاراوگەدا بەسەر بردووە و ئێستاشی لەگەڵ بێ نەیتوانیوە بە ئازادییەکی کورت و سنوورداریش بێ، لە شوێنی واقیعی خۆی دا لە دایک بێ و هەر لەوێش دا ژیان بباتەسەر؛ دیارە ئەوانەش کە لە ناوخۆی وڵاتەوە بە زەحمەت و تێکۆشانێکی بێوێنەوە لە هەوڵدان دەرباز بن لەم [دۆخە] درێژخایەنە، بەجۆرێک لە جۆرەکان تاراوگەیی باڵی بەسەر ڕۆح و ئەدەب و پێکهاتە و دەق و نووسینەکاندا کێشاوە و ئەوانیش دوور نین لە ویست و داخوازی و ئازارەکانی مەنفا و تاراوگە. لە ناو هەر ڕۆژنامە و بڵاڤۆکێک و دەق و لێکۆڵینەوە و نووسینێک دا، نۆستالۆژییەک حەشاردراوە و هەستی پێدەکرێ، ئەم نۆستالۆژییە باڵی بەسەر زۆربەی نووسینەکاندا کێشاوە. کاتێک نووسین بەرامبەر بەوە کرا کە ڕەخنەکانی لە موقەددەسات لابدات و ستایشی موقەدەسات بکات، کاتێک ڕێگەی حەڵاڵ و حەرامی بۆ دیاری کرا و هێڵی سووری بۆ دانرا، کاتێک نووسین خرایە ژێر گیوتینی سانسۆڕەوە، ناتوانێ بڵێ من لە شوێنی واقعی خۆمدا لە دایک بووم و هەر لەوێدا دەژیم و هەر لەوێدا بوونم هەیە. ئەگەر لەگەڵ ئەو کەندوکۆسپانەدا بەڕووکرا ناچارە جۆری نووسینی خۆی وەک نووسین لە تاراوگەدا وێنا بکا. لێرەدایە کە ١١٣ ساڵە ڕۆژنامەوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە سەردەمێکی کورت نەبێ جێی نووستن و خوڵقاندن و نووسینی لە تاراوگەدا بەسەر بردووە نەک لە نیشتمان. ڕەنگە یەکێک لە هەڵبژاردنەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە هەڵبژاردنی یەکێک لە ڕیگا دووڕێیانەکەی ژیان و مەرگ بێ؛ کاتێک جەللاد هەموو دەرگاکانی کلیل داوە، هەر دەرگای ژیان و مەرگی هێشتۆتەوە؛ کاتێکیش هەر دوو دەرگاکە بەرەو مەرگ کۆتایی دێ، چ مەرگێکی کوتوپڕی وەک هەڵوەرینی فەرزاد کەمانگەر، یان خود هێشتنەوەی بیر لە سووچی زیندان و هێشتنەوەی لە چاوەڕوانییەکی ناکۆتادا.

لە سەردەمی ئێستای ئێراندا، بۆچی مەرگ بە هەموو ڕوخسارەکانییەوە باڵی بە سەر هەموو چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی و ڕۆژنامەوانی و کرێکاری و جیابیران دا کێشاوە؟ لێرەدا جەللاد وەک [هەڵپەی] دەروونی خۆی و وەک ئەجێندای دینی و سیاسی خۆی، بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە نێچیرەکەی لە مەرگ نزیک بکاتەوە، هەنگاوێک کەمتر لە مەرگ. کەم نین ئەو کەسانەی کە لە ئێستای ئێراندا و لە سووچی بەندیخانەدا لە چارەنووسی خۆیان هیچ ئاگادار نین و هاکا بەیانییەکی زوو یان شەودرەنگانێک پەتی سێدارەیان لە گەردنی خۆیاندا بینییەوە. کاتێک هەموو دەرگاکان بەڕووی زیندانی دا داخراوە، کاتێک هیچ دەسەڵات و شوێن و پەنا و هیوا و ئومێدێک نەما و هەموو لایەک هیوابڕاوبوون لە ڕزگارکردنی گیانی بەندکراوێک، تاکە تیشکی هیوا، تاکە ئومێدی قوربانی، تاکە کلیلێک کە دەمێنێتەوە، ڕۆژنامە و فشاری ڕۆژنامەوانە بۆ سەر دەسەڵات، گوشاری ڕۆژنامەوان و ڕۆژنامەوانییە بۆ سەر ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان. کەم نین ئەو دەسەڵاتانەی کە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوانی بە شوێنی هەرە سەرەکی خۆیان دادەنێن، بەتایبەت لە وڵاتێک دا کە بەرە و ئۆپۆزیسیۆن و حیزبێکی تێدا نەبێ، ئەرکی ڕۆژنامەوان گرینگتر و قورستر دەبێ. لەوەها وڵاتێکدا سەرلەبەری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە لایەن دەسەڵاتەوە مۆنۆپۆل کراوە، کاتێک هەموو ڕۆژنامەیەکی ئازاد و ئەهلی و گەلی لە وڵات دا داخراون و ڕۆژنامەوانیش خرایە سووچێکی کپەوە و مەرگی هەر دەنگێکی جیابیر جاڕدرا؛ کاتێک سەرکۆماری وڵاتێک لە حەوشەکەی خۆیدا، وڵاتە پانوبەرینەکەی وەک سەوزەڵانییەکی باخچەکەی شوبهاند و گوتی دەبێ ئەوەی ناسەوزییە لە ڕیشەوە هەڵیکێشیت و تووڕی بدەی، لەو وڵاتەدا، مەرگی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەوان ڕاگەیەنراوە.

لەو ماوەیەدا کە بە دیل گیرام کۆمەڵێکی زۆر ڕۆژنامەوان و نووسەر و ئەدیب و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی پاڵپشتیی خۆیان بۆ ڕزگارکردنی گیانی ئەم بچووکە ڕاگەیاند؛ لە ژوورە دۆکەڵاوییەکەی بەندیخانەی مینابەوە، سەری ڕێز و نەوازش دادەنەوێنم بۆ ئەو کەسانەی کە پاڵپشتی خۆیان دەربڕی و کڕنۆش دەبەم بۆ ئەو ئیمزایانەی کۆکرانەوە و هەروەها سپاسی [ئەو کەسانە] دەکەم کە بە تەواوەتی لە غەم و هەوڵ و تێکۆشانی ڕزگارکردنی گیانی ئەو کەسانە دان کە حوکمی قورسیان بەسەردا سەپاوە.

**دیسانەوە سپاس و مەمنوونتانم**
**کەماڵ شەریفی**
**بانەمەڕی ١٣٩٠ی هەتاوی**

**بانگەوازی هاوبەش**

# ڕزگاریی گیانی شێرکۆ معارفی لە گرەوی دوایین هەوڵەکان دایە

**خەڵکی وشیارو بە هەڵوێستی کوردستان!**

دەزگای قەزایی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران هەر وەک پێشتر ڕای گەیاندوە، بە نیازە ڕۆژی (۱۱ی بانەمەڕ) حوکمی زاڵمانەی ئیعدام لەسەر شێرکۆ معارفی بەڕێوە ببات.

ئەم بەندییە سیاسییە کوردە کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران دەیەوێ بە تاوانی ئازادیخوازی گیانی لێ بستێنێ، لە ڕۆژی پێنج شەممە ۸ ی بانەمەڕەوە، لە چاوەڕوانیی مردن دا، مانی گرتوە.

پێشگیری لە بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی ئەو تێکۆشەرە کوردە لە گرەوی دوایین هەوڵەکانی هەر هەموومان لە دوا سەعاتەکانی ژیانی دایە.

هەر وەک لە پێوەندی لەگەڵ نیازی ئیعدامی حەبیبوڵڵا لەتیفی دا دیتمان، جموجۆڵی ئیعتیرازیی خەڵک و ئامادەییتان بۆ نیشاندانی دژکردەوە بەرامبەر بە تاوانێکی ئەوتۆ، جەللادەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێرانی لە بەڕێوەبردنی ئەم حوکمە پاشگەز کردەوە. هەر بۆیە وشیاری و لەسەر هەست بوونی ئێوە و ناڕەزایەتی دەربڕین و ئامادەییتان بۆ دژکردەوە نیشان دان بەرامبەر بە بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی شێرکۆ معارفی، دەتوانێ ئەو مرۆڤە لە مردن ڕزگار بکات.

ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران دەیەوێ لە بەرەبەرەی یەکساڵەی تاوانی فەرزاد کەمانگەرو پۆلێک تێکۆشەری دیکەی کورد دا و هەروەها لە یەکساڵەی مانگرتنی یەکگرتووانەو سەرانسەریی ۲۳ ی بانەمەڕ دا ئێوە خەڵکی بە هەڵوێستی کوردستان چاوترسێن بکات. ئێمە داوا دەکەین بە هاوپێوەندیی ڕاشکاوانەتان لەگەڵ بنەماڵەی شێرکۆ معارفی و ناڕەزایەتی دەربڕین دژی بەڕێوەچوونی ئەو حوکمە، پێش بە بەڕێوەچوونی ئەم تاوانە بگرن.

دەبێ جارێکی دیکە بە ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران نیشان بدرێتەوە کە بەندییە سیاسییەکانی کوردستان ڕۆڵەی گەلی کورد و هەڵگری ویست و داخوازە ڕەواکانی ئەوانن و ئیعدام و لەنێوبردنیان، لەگەڵ ناڕەزایەتیی بەرین و هەڵوێستی شیاوی گەلەکەیان بەرەوڕوو دەبێ. دەبا جارێکی دیکە چارەنووسی بەندییە سیاسییەکانمان ببێتەوە بە هەوێنی هاوپێوەندی و یەکگرتوویی خەباتگێڕانە لە سەرانسەری کوردستان.

**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**۲۰۱۱/٤/۳۰**
**۱۳۹۰/۲/۱۰**

# ڕەهەندەکانی بڕیاری شووڕای مافی مرۆڤ لە بارەی ئێرانەوە

**(بەشی سێهەم و کۆتایی)**

**قادر وریا**

**ئەرکی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵات**

مەحکوومکرانی پێشێلکردنی بەردەوام و لە ڕادەبەدەری مافی مرۆڤف لە لایەن شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و بڕیاری ئەو شووڕایە لە بارەی دیاریکردنی لێکۆڵەرێک بۆ ئێران، بە هەموو حیسابێک بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خەڵکی لە ستەم وەزاڵەهاتووی ئێران بە تایبەتی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات دەژمێردرێ. ڕاستە کە هەڵوێستی وڵاتانی ئەندامی شووڕا و ساتوسەوداکانیان لەسەر پرسی مافی مرۆڤ ئەم بڕیارە گرینگەی لێکەوتەوە، بەڵام ئەم گۆڕان و هەڵوێستە ئازایانە و بەجێیە لە وڵاتانی ئەندامی شووڕا نەدەبینرا ئەگەر چالاکانی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات، زۆرترین هەوڵیان بە مەبەستی لەقاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕاکێشانی بیروڕای گشتیی دنیا بۆلای ئەم تاوان و پێشێلکرانانەی مافی مرۆڤ نەدابا.

نابێ لەم ڕاستییە غافڵ بین کە تێکۆشان لە بواری مافی مرۆڤ لەژێر دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی دا، کارێکی زۆر هەستیارە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر بە توندی دژایەتیی ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوانە دەکا کە لەم بوارەدا تێکۆشانیان هەیە. پێوەندیگرتن بە ڕاگەیەنەکانی دەرەوە و تیشک خستنە سەر نموونەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، زانیاری دان بە ناوەندە نێونەتەوەییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و هاندانی خەڵک بۆ داکۆکی لە مافەکانیان، لە لایەن دەزگای قەزایی و دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم وەک کار کردن بۆ بێگانە، هەنگاونان لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی و تێکدانی نەزمی گشتی، چاوی لێدەکرێ.

بەڵام تێکۆشەرانی مرۆڤدۆست و مرۆڤپارێز لە نێوخۆی وڵات بە وەخۆگرتنی ئاکامەکانی ئەم جۆرە تێکۆشانە، ئامانجە ئینسانییەکانی خۆیان پشتگوێ نەخستوە و سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپ و هەڕەشە و بێ ئیمکاناتییە، بارودۆخی دڵتەزێنی مافی مرۆڤ لە ئێرانیان لەقاوداوە. ئەوان لە ڕێگای وێبلاگ و سایتەکانیانەوە یا لە ڕێگای پێوەندیگرتن بە میدیاکانی دەرەوەی وڵاتەوە، هەواڵی گیران و ئەشکەنجە و ئیعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و پێشێلکردنی مافە جۆراوجۆرەکانی هاونیشتمانانیان بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی گەیاندوە. ئەو ناوەند و دامەزراوە مرۆڤپارێزانەش کە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات کاریان تێدا دەکەن و بەهۆی ئەوانەوە سەرنجی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بۆلای بارودۆخی مافی مرۆڤ ڕادەکێشن، پشکێکی بەرچاویان لەم سەرکەوتنە بەردەکەوێ.

حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانش، لەمێژ ساڵە لە کاری ڕاگەیاندن و دیپلۆماسیی خۆیان دا لەسەر تەوەری مافی مرۆڤ کار دەکەن و ئەو ستەم و هەڵاواردن و سەرکوتەش کە نێوخۆی ئێران بەرەورووی نەتەوە بندەستەکان، ئایینە جۆراوجۆرەکان و توێژ و بەشەکانی کۆمەڵ بۆتەوە، بە ئاگاداریی ناوەندە سیاسی و دیپلۆماسییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان دەگەیەنن. ئەم هەوڵانەی ئاماژەیان پێکرا، وەک دەبینین سەرەنجام ئاکامی هەبوو. هەر بۆیە ئێستا کە شووڕای مافی مرۆڤ لێکۆڵەری تایبەتیی بۆ ئێران دیاری کردوە، پێویستە هەموو ئەو هەوڵانە بە زیادەوە درێژەیان هەبێ. لەنێوخۆی وڵات دا، چ ئەوانەی تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤن، چ ئەو کەسانەی بۆخۆیان ئاماجی هەڕەشە و سەرکوتی کۆماری ئیسلامین، دەبێ بەڵگە و زانیاریی پێوەندیدار بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ کۆبکەنەوە و ڕاگەیەنەکان و ناوەندە پێوەندیدارەکان بەتایبەتی لێکۆڵەری شووڕای مافی مرۆڤی لێ ئاگادار بکەن. ئەگەرچی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێران، قوربانیی زۆریان لە ڕێگای برەوپێدانی بایەخە ئینسانییەکان و داکۆکی لە مافەکانی هاونیشتمانانیان داوە، بەڵام دەبێ دیسانەکە فیداکاری بکەن و ئەو کاتەی، لێکۆڵەری مافی مرۆڤ ڕێگای دەکەوێتە ئێران، دەنگی خۆیانی پێ بگەیەنن. هەوڵ بدەن قوربانییەکانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی، بەندیخانەکان و شوێنەکانی تاوان و جینایەتی ئەو ڕێژیمە بەو لێکۆڵەرە نیشان بدەن. شوێنەونکە و ڕواڵەتبازیی ڕێژیم بۆ ونکردنی تاوانەکانی لەقاو بدەن. لە دەرەوەی شوێنی مانەوەی لێکۆڵەری مافی مرۆڤ حەڕەکەتی ئیعتڕازی وەڕێ بخەن و و سەرنجی بۆلای داواکانیان ڕابکێشن. ئەگەر ڕێژیم نەیهێشت ئەو لێکۆڵەرە سەردانی ئێران بکا، دەبێ چالاکانی ئەم مەیدانە، بەڵگەنامە و زانیاریی پێوەندیدار بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕێگای دۆستان و ناسیاوان یا ناوەند و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵات بۆ لێکۆڵەری شووڕای مافی مرۆڤ بنێرن.

> **حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە هەرکامێک ئیمکاناتی میدیایی و دیپلۆماسیی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە نێوخۆی وڵات ئەندام و دۆست و لایەنگریان هەیە، دەبێ ئەم ئیمکاناتە زیاتر لە پێشوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و ڕاگواستنی بۆ لای ناوەندە نێودەوڵەتییەکان تەرخان بکەن.**

هەڵوێستێکی بە نرخی دیکەی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئورووپا و دامەزراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا، بایکۆت دانان لەسەر پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دایە. لە ئاکامی هەوڵی بێوچانی چالاکانی مافی مرۆڤدا، زۆر لەو کاربەدەستە جینایەتکارانە کە دەستیان لە سەرکوت و تاوان دژی خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازدا هەیە، بە دنیا ناسێندراون. هەر بۆیە لە لایەن هێندێک نەهادی موعتەبەر و وڵاتی گرنگی دنیا بڕیاری بایکۆتیان دراوە، ئەم هەڵوێستە، دەست بەسەرداگیرانی دارایییەکانیان لە بانکەکانی دەرەوە، قەدەغەکردنی سەفەر و هاتوچۆی ئەوان بۆ وڵاتانی دیکە و سزای دیکەی لێ دەکەوێتەوە. داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لەنێوخۆو دەرەوەی ئێران، دەبێ ئەم دەرفەتەبقۆزنەوەو کاربەدەستان و هەڵسووڕێنەرانی دام و دەزگای سەرکوت کە لە کوشتار و سەرکوت و ئەشکەنجەی ناڕازییان و ئازادیخوازان بەرپرسن، بە بەڵگەوە لەقاو بدەن بۆ ئەوەی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا وەک دوژمنانی مرۆڤایەتی سەیریان بکرێ.

لێرەدا جێی خۆیەتیی چالاکانی کوردی مافی مرۆڤ و بە تایبەتیی پەیامنێران و هاوکارانی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان، دەرفەتی بایەخدانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بە قازانجی مافی مرۆڤ لە کوردستان بقۆزنەوە و سەرنجی ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و بیروڕای گشتیی دنیا بۆ لای چارەنووسی کەسایەتییەکی وەک کەبوودوەند و ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوەکەیان کە لەگەڵ زۆرترین گوشار بەرەوڕوون، ڕابکێشن. هەروەها ئەو ستەم و هەڵاواردن و تاوان و جینایەتانە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستان بەکاریان دێنێ، ڕووماڵ بکەن.

دەمێنێتەوە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە هەرکامێک ئیمکاناتی میدیایی و دیپلۆماسیی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە نێوخۆی وڵات ئەندام و دۆست و لایەنگریان هەیە، دەبێ ئەم ئیمکاناتە زیاتر لە پێشوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و ڕاگواستنی بۆ لای ناوەندە نێودەوڵەتییەکان تەرخان بکەن.

# لە یادی مانگرتنە بەشکۆکەی ٢٣ ی بانەمەڕی پارەکەدا

**عەلی بداغی**

لە گەڵ ئەوەی کە بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و شێوەی کارکردی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە بزووتنەوەیەکی ساوا و کەم ئەزموون دادەنرێ و پرش و بڵاوی و ناهاوئاهەنگی لە بوارە جیاجیاکانی ئەم بزووتنەوەیەوە بە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی ئەو بزووتنەوە مەدەنییە دادەنرێ، بەڵام مانگرتنە گشتییەکەی خەڵکی کوردستان لە ٢٣ ی بانەمەڕی ساڵی ڕابردوودا نموونەی یەکێک لە دەسکەوتە هەرە بەبایەخەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە کوردستان لە مێژووی خۆی دایە.

ئاستی بەربڵاویی ئەو مانگرتنە کە لە سەر داوای حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران و تێکڕایی و چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێکڕاییان لە هەڵویست و بوچووندا بەڕێوەچوو، یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەو مانگرتنە بوو.

لەو ڕۆژەدا مامۆستایانی قوتابخانەکان نەچوونە سەر پۆلەکانیان بۆ ئەوەی بسەلمێنن کە بۆ بەرەنگاری و بەرخۆدان ئیلهامیان لە مامۆستا فەرزادی کەمانگەر وەرگرتوە، قوتابییەکان پۆلەکانی دەرسیان بە چۆلی هێشتەوە، هەتا بە مامۆستا فەرزادی کەمانگەریان وتبێ کە وانەکانی هەروا لە گوێیان دا دەزرینگێتەوە.

لەو ڕۆژەدا لە بازاڕی و بازرگانە گەورەکانەوە بگرە تا دەستگێڕ و کرێکارە ڕۆژکارەکان، نەچوونە سەر کارەکانیان بۆ ئەوەی بڵێن کە یادی شیرین عەلەم هولی و عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەکیلی لە مێشک و دڵیاندا هەر زیندوویە و هەڕەشە و خۆف و زەبر و زەنگی کۆماری ئیسلامی نایان ترسێنێ و کاریان تێ ناکا.

ئەو مانگرتنە کۆماری ئیسلامیی وریا کردەوە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ سیاسەتی قەڵاچۆ و سەرکوت و تواندنەوە و ئیعدامی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی کورد نەیتوانیوە ئیرادەی سیاسی و خەباتی شوناسخوازانەی ئەو گەلە بە چۆک دابینێ و جووڵانەوەی سیاسی و مەدەنیی کورد هەروا چقڵی چاوی دوژمنانی ماوەتەوە.

ئەو مانگرتنە هەروەها ئەو ڕاستییەشی خستە ڕوو کە خەڵکی کوردستان چەندە وریا و لە سەر پێن و ئامادەیی و ئیستعدادی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژییان چەندە تێدا بەهێزە، و ئامادەن ئەو ئیرادەیە لە هەر کات و ساتێکدا بسەلمینن بەو مەرجەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان لەو سەر پرس و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هاوبۆچوون و هاوهەڵویست و کۆک و یەکدەنگ بن.

کەواتە ئەو مانگرتنە بەشکۆیە ئەگەر لە لایەک وەڵامێکی شیاو بە کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ئێعدامی پۆلێک ڕۆڵەی خەباتکاری کورد بوو، لە لایەکی دیکەشەوە وەڵامی « بەڵێ» و « ئامادەیی» و « گیان لە سەر دەستی»ی هەمیشەیی



خەڵکی کوردستان بە یەک دەنگی و یەکڕیزیی و هاوپێوەندیی حیزبە سیاسییەکانیان بوو. ئەو حەرەکەتە کەم وێنەیە وەڵامدانەوەی خەڵکی کوردستان بە داوای لە مێژینەیان بۆ لێکنزیکبوون و پاڵویکدانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بوو کە پێشانیان دا لە بەرامبەر کۆدەنگی و پاڵویکدانی ئەواندا خەڵکی کوردستانیش ئامادەن بێنە مەیدان و ئەگەر پێویست بێ هەموو تێچوویەکیش لەو پێناوەدا بدەن.

جیا لەوەش پێشانی دا کە ئەگەر کورد بۆ خۆی و لە نێوخۆیدا کۆک و تەبا بێ، جیا لەوەی کە دەستی دوژمنانی بۆ سەرکوت و بەرەورووبوونەوە کورت دەکاتەوەو هەوڵەکانیان نەزۆک و قەتیس دەڵێتەوە، بە ڕەوایی پێدان بە نێوەرۆکی ئاشتیخوازانەی خەباتەکەی دەتوانێ لە ئاستی جیهانیشدا بە کۆکردنەوەی پاڵپشتیی سیاسی، گەلێ دەسکەوتی دیکە بۆ بزووتنەوەکەی پاشەکەوت بکا و سۆز و سەرنجی دنیای دەرەوە بۆ لای خەباتەکەی ڕاکێشێ.

هەر لەو پێوەندییەدا و لە گۆشە نیگایەکی دیکەشەوە بەربڵاویی ئەو مانگرتنە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە دەنگی متمانەیەکی دیکە بە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو و بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامی و بەناو ڕووناکبیر و چالاکە مەدەنییە گوێ لەمستەکانی کە ساڵانێک بوو بانگەشەی نەمان و لەهێز کەوتنی حیزبە کوردستانییەکانیان دەکرد، پێگە و جێگەی بەرز و بەردەوامی ئەو حیزبانەی لە هاوکێشە سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا پێشان دایەوە.

بەڵام مانگرتنی ٢٣ ی گوڵانی ساڵی ڕابردوو دەکرێ بەو جۆرەش مانا بکرێتەوە کە سەنگ و ئیعتبار و پرستیژی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی ئێران و جیهان ئەوەندەی دیکەش بردە سەرێ. ئەو حەرەکەتە مەدەنییەی خەڵکی کوردستان پیشانی دا کە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد سەرەڕای ٣٠ ساڵ سەرکوتی بەردەوام و هەموو ئەو برین و ناسۆرانەی لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەڵی گرتوە، جیا لە خەبات و بەرگریی چەکدارانە پێشەنگ و پێشڕەوی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژیش لە پێناو ماف و دەسکەوتە دێموکراتیکەکانی خەڵکانی ئێرانە.

کەواتە ئەگەر لە لایەک مانگرتنەکەی ٢٣ ی بانەمەڕ نموونەی یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بوو، لە لایەکی دیکەشەوە خاڵی هاوبەش و پێکگەیشتنی ئامانجی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەس و کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە توانی لەو پێکگەیشتنەدا گەلێ دەسکەوت و شانازی بۆ خەباتی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ئێران تۆمار بکا.

لە ساڵیادی شەهیدبوونی فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەکیلی و هەروەها لە ساڵیادی مانگرتنە بەشکۆکەی ٢٣ ی گوڵاندا وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەو پۆلە شەهیدەی بوونە هەوێنی سەرەکیی دەستەبەر کردنی ئەو دەسکەوتە نەتەوەییانە، پێویستە حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش بە خوێندنەوەی سەر لە نوێی ئەو حەماسە مێژووییەی ساڵی ڕابردوو و لە حاڵێکدا کە ئێستاش کۆمەڵێک لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە تاوانی ئازادیخوازی مەترسیی ئێعدامیان لە سەرە، بە هاوپێوەندیی زیاتریان و بە پلان و بەرنامەی تایبەتیان بۆ کەلکوەرگرتن لە هێزی جەماوەریی خەڵکی کوردستان تێچووی هەرچەشنە دەستدرێژییەکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر مافەکانی خەڵکی کوردستان ببەنە سەرێ.

**ئەگەر لە لایەک مانگرتنەکەی ٢٣ ی بانەمەڕ نموونەی یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بوو، لە لایەکی دیکەشەوە خاڵی هاوبەش و پێکگەیشتنی ئامانجی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەس و کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە توانی لەو پێکگەیشتنەدا گەلێ دەسکەوت و شانازی بۆ خەباتی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ئێران تۆمار بکا.**

# پێویستی هێماسازی نەتەوەیی

**ڕێبوار مەعروفزادە**







ڕەوتی پێشڤەچوونی مرۆڤ قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە. بەرە بەرە گەشەی ئەقڵانیەت، ڕۆڵی ئیرادەی لە ژیانی مرۆڤ پڕڕەنگ کرد و پەیوەندییەکی ئاسۆیی لە نێوان تاکەکان بنیات نا. هەروەها گەشەی فیکری مەیدانی ڕوانین و داخوازییەکانی مرۆڤی بەرفراوان و بەربڵاو کرد بە چەشنێک کە پرسی نەتەوەیی و شوناسی سیاسی هاوبەش بووە بە ئاوات و ئامانجێکی سەرەکیی تاکەکان و کۆمەڵگەکان. دیارە زۆرێک لە کۆمەڵگەکان بە بردنەسەری ئاستی تێگەیشتنی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیان توانیان ماڵێکی سیاسی هاوبەش واتە دەوڵەت پێکبێنن بەڵام، بەشێک لە دەوڵەتەکان نەک لە دەرئەنجامی پرۆسەیەکی لە خوارەوە بۆ سەرێ و سەرچاوە گرتوو لە خەڵک، بەڵکوو لە ئاکامی گۆڕانەکانی جیهانی پێکهاتن کە دواتر ئەم دەوڵەتە دەستکردانە لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەکەیان، تووشی گرژی و دابڕان هاتن کە توندوتیژی و کارەساتی مرۆیی جەرگبڕی لێ کەوتەوە. بەم پێیە دەرباز بوون لە پێوەندییەکی ستوونی و خێڵەکی و بنیاتنانی پەیوەندییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشمەرجی دامەزراندنی سیستمێکی وڵامدەر و زامنی بەردەوامبوونی سیستمێکی ڕەوا و کارامەیە.

دیارە پرۆسەی نەتەوەسازی و بردنەسەری ئاستی یەکگرتوویی کۆمەڵگەی کوردیش پێویستی بە پلان و پرۆژەی جۆراوجۆر و نوێ هەیە کە یەکێک لەوان پرۆژەی هێماسازی نەتەوەییە. هێماکان ڕەهەند (سیاسی، فەرهەنگی و...) و ئاستی ( ناوچەیی، نەتەوەیی و جیهانی) جۆراوجۆریان هەیە. بۆ نموونە ئەحمەدی خانی و گاندی دوو هێمای جیاوازن کە یەکەمیان سەمبۆلێکە بۆ شاعیرانی کورد و دووهەمیان جگە لە سەمبۆلێک بۆ هیند، هێمایەکە بۆ خەباتی ئاشتیخوازانە لە تەواو جیهان.

هەروەها دەتوانین هێماکانی نەتەوەیی بە دوو دەستە دابەش بکەین:

١ـ هێما نوێیەکان: ئەو هێمایانەن کە لەگەڵ واقعی ئەمڕۆی کۆمەڵگا یەکدەگرنەوەو ئەو کەس و سەربردانە لە خۆ دەگرن کە بەستێنی دووبارە بەرهەمهاتنیان لە ئاستێکی بچووکتردا، هەیە. بۆ نموونە لەیلا زانا هێمایەکی نوێیە چونکە وزە بەخش و ئیلهامبەخشی کردەوەکانی سیاسەتمەداران و ژنانی کوردی ئەو سەردەمەیە.

٢ـ هێما کۆنەکان: ئەو هێمایانەن کە بە کردەوە ئەگەری دووبارە بەرهەمهاتنیان ئەستەمە و ئەو کەس و سەربردانە دەچنە خانەی بیرەوەری و نوستالژیی نەتەوەیی. بۆ نموونە کاوەی ئاسنگەر هێمایەکی کۆنە چونکە ئازادیخوازانی کورد ئیلهامی لێوەردەگرن بەڵام بە هۆی گۆڕانە جیهانییەکان جیهانی و گۆڕانەکانی کۆمەڵگەی کوردی کەس نایهەوێ و ناتوانێ ببێت بە کاوەی ئاسنگەر.

کۆمەڵگەی ئێمەش بە شێوەیەکی تۆکمە و بەرچاو لەم چەند ساڵەی دواییدا تێکۆشاوە کە بۆنەو ڕووداوە گرینگ و گشتییەکان بکا بە دەرفەتێک بۆ هێماسازی نەتەوەیی کە دەکرێ ئاماژە بە: جێژنی نەورۆز، ئەنفال، هەڵەبجە، ٢٠ی خاکەلێوە وەک ڕۆژی مافی مرۆڤی کوردستان، ٢٣ بانەمەڕی وەک ڕۆژی خەباتی مەدەنیی کوردو.. بکەین. تێگەیشتن لەوەی کە «هێما چییە؟ گرینگیی هێماسازی نەتەوەیی لە چ دایە؟» دەتوانی وزە بەخش و مانا بەخشی هەوڵەکانمان لە پێناو هێماسازی‌دا بێت. «هێما»، زمان و بەیانێکی سادە و ڕوونە بۆ دەربڕین و نۆمایشکردنی ویست و هەستێکی هاوبەش، لە مەیدانێکی بەر بەرین. بەم خاترە پرۆژەی هێماسازی لە چەند ڕوویەکەوە پڕ بایەخە:

١ـ لە پێناو گەشەو بەرهەمهاتنی هزر و لۆژیکی کۆمەڵایەتیی هاوبەش: هەبوونی پرۆژەی هێماسازیی نەتەوەیی دەرفەت دەخولقێنێ کە تاک لە کۆمەڵگەی کوردی دیالۆگ، هاوسۆزی و هاوفیکری، ململانێ و جموجۆڵ بکات. دیارە خۆی تێفکرین و تێکۆشانی بەردەوامی تاکەکان لەسەر بابەتەکانی هاوبەشی گشتی و نەتەوەیی ئاستی لێکتێگەیشتن لە کۆمەڵگەی کوردی دەباتە سەرێ. دەرئەنجام کارکردن بۆ هێماسازی نەتەوەیی لە ماوەیەکی درێژخایەندا و لە پانتاییەکی گشتی دا هزر و لۆژیکێکی کۆمەڵایەتیی هاوبەشی کوردی بەرهەم دێنێت.

بۆ نموونە لە پرۆژەی بەربژێرکردنی کەبوودوەند کەس بە پرسێکی تاکە کەسی سەرقاڵ نابێ، کەس بە تەنیایی ئەرکدار نابێ و دواجار کەس بە تەنیایی بەهرەمەند و براوە نابێ بەڵکوو ئەم پرۆژەیە ڕێک بە کردەوە بوونی «هەموو لە پێناو کەسێک و کەسێک لە پێناو هەمووانە». لە ڕاستیدا دانی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل وەک بەڕێوەچوونی یارییەکی تاکە کەسی نێونەتەوەییە کە تێکرای جیهان چاوی تێبڕیوە و بەشداریی تێدا کردوە، نوێنەری ئێمەش کەبوودوەندە، براوە بوونی کەبوودوەندیش براوە بوونی کوردە.

٢ـ لە پێناو نۆژەنکردنەوەی کۆمەڵگە: هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی ئەو دۆخەی تێیدا بەسەر دەبات و بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی جیهانی بۆ شکڵدان، نیشاندان و گەیاندنی ویست و داخوازییەکانی پێویستی بە کەڵک وەرگرتن لە بیرکردنەوە، هەڵسوکەوت، نووسین و هێماکانی تایبەت بەو سەدەمە هەیە. هەروەها نووسینەکان، دەربڕینەکان و هێماکانی نوێ بە هێنانە گۆڕی چەمک، گوتار و دیاردەی تازە لە نۆژەنکردنەوە و نوێبوونەوەی کۆمەڵگا ڕۆڵ دەگێڕن. لە جیهانی ئەمڕۆدا گوتاری دێموکراسی و مافی مرۆڤ حاکمیەت دەکات بەم پێیە ئێستا کە ئەو هەوڵ و کەسانە شیاوو شایانی بوون بە هێمان کە توانایی نومایشکردن و بەرەوپێشبردنی پرسی نەتەوەییان لە چوارچێوەی گوتاری دێموکراسی و مافی مرۆڤ، هەیە.

٣ـ هێماکان هەرمانیەت بە سەربردەکان دەبەخشن: هەر نەتەوەیەک قۆناغی جۆراوجۆری تێپەڕاندوەو هەر یەک لەم قوناغانەشی بە شێوەیەک بەسەر بردوە.

مێژوونووسانی هەر نەتەوەیەک هەوڵیان داوە کە ئەو سەربردانە تۆمار بکەن تا نەوەی نوێ بزانێ کە چۆن بە ئەمرۆ گەیشتوە بەڵام هێماکان بەو سەربردانە نەمری و هەرمانیەتیان بەخشیوە. وێنەی عومەری خاوەر چاکتر و خێراتر لە هەر پێنووسێک قسە لەسەر کارەساتی دڵتەزێنی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات، بەسەرهاتی پێشەواو چوارچرا لە خەونی کوردان و سەربردەی یەکەم کۆماری کوردی دەدوێ، وێنەی فەرزادیش بە هەر قوتابی و مامۆستایەکی دوارۆژی کورد وانەی مرۆڤایەتی دەڵێتەوە.

# خوێندنەوەیەک بۆ کۆڵەکەی چوارەمی دێموکراسی و ئاستەنگەکانی بەردەمی لە ئێراندا

**(بەبۆنەی ٣ی مای، ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی)**

مەحموود شەریفی

وەرگێڕانی: حەسەن شێخانی

**ئەگەر سەرپشک بکرێم لە نێوان حکوومەتێکی بێ چاپەمەنی و چاپەمەنی بێ حکوومەت، یەکێکیان هەڵبژێرم بێ هیچ دوودڵییەک ئەوەی دووەمیان هەڵدەبژێرم**
**« توماس جێفرسۆن»**

لەسەر پێشنیاری یونسکۆ و پەسەندی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نوامبری ١٩٩١، ڕۆژی ٣ی مانگی مایس بەرابەر لەگەڵ ١٣ی گوڵان وەک ڕۆژی جیهانیی چاپەمەنی ناودێر کراوە. لە ڕاستیدا چاپەمەنی وەک کۆڵەکەی چوارەمی دێموکراسی بە مەرجی پێویست و تەواوکەری سێ کۆڵەکەی دیکەی دێموکراسی واتا بەشداریی ئەکتیڤی هاووڵاتیان لە پرۆسەگەلی کۆمەڵایەتی، شەفافییەتی کردەکانی حکوومەت و وەڵامدەر بوونی دەسەڵات دەژمێردرێ.

زۆر دەگوترێ کە زانین مافی خەڵکە، ئەگەر ئەم ئیدیعایە دروست بێ، ئەم مەسەلەیە چۆن بەرجەستە دەبێ و بە فەرمی دەناسرێ؟ چۆن پراکتیزە دەکرێ و پشتیوانی کردنی لە ئەستۆی کێیە؟

دەستەبەر بوونی دێموکراسی بابەتێکی تەنیا سیاسی یا ئابووری نییە بەڵکوو مژارێکە بە تێگەیشتنیشەوە گرێدراوە. وەدیهاتنی دێموکراسی پرۆسەیەکە لە وشیاریی گشتییەوە دەست پێ دەکا و دواتر دامەزراوە دێموکراتیکەکانی لێ دەکەوێتەوە کە ئەمەش ئاڵوگۆڕی قووڵ لە بنیاتی دەسەڵات دا بە دوای خۆیدا دێنێ. ئێستا با بزانین ڕۆڵی چاپەمەنی لەم پرۆسەیەدا چییە؟

شارەزایانی ئەم بوارە پێیان وایە چاپەمەنییەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندییان هەیە کە گرینگترینیان بریتن لە:

**١- ڕۆڵی زانیاری گەیاندن**

٢- بردنە سەری ئاستی وشیاریی کۆمەڵگە

٣- پەروەردە و فێر کردن

٤- ئافراندنی نۆرم و بەهای هاوبەش

٥- خستنە ڕووی ئەندێشەی نوێ و بیرو ڕای جیاواز

١- ڕۆڵی گەیاندنی زانیاری: دانی زانیاری و هەواڵی دروست لە خزمەت توێژەکانی کۆمەڵگەدا دەتوانێ یەکێک لە ڕێکارە گرینگەکانی هەر وڵاتێک بۆ گەیشتن بە پێشکەوتن و پەرەسەندن بێ. هەبوونی ئەم تایبەتمەندییە دەتوانێ فاکتەرێک بێ لە پێناوی بەستێن سازی بۆ بەشداریی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە پرۆسەی بڕیار دانی ورد و درشتی وڵات دا.

زانیاری گەیاندنی دروست دەبێ خاوەنی ئەم دوو خەسڵەتەی خوارەوە بێ:

ئەلف: پرەنسیپی شەفافییەت: گەیاندنی هەر هەواڵێک دەبێ لە سەر بنەمای پرەنسیپی شەفافییەت و بابەتی بوون بێ تا بتوانێ پەیامی خۆی بگەیەنێ. بە کار هێنانی هەر چەشنە کارتێکەرییەک بۆ بڵاو کردنەوەی هەواڵی ناڕاست و فشارهێنان بە مەبەستی سانسۆڕ کردنی هەواڵەکان دەتوانێ بەردەنگەکان لەگەڵ زانیاری و هەواڵی ناواقیعی بەرەو ڕوو بکا کە ئەم مەسەلەیە هەم چاپەمەنییەکان بێ ئیعتبار دەکاو هەم ڕەوایەتیی ئەم دەسەڵاتدارییەی کە هەواڵەکانی لە ڕێگەی ئەم چاپەمەنییانەوە بڵاو دەبێتەوە دەباتە ژێر پرسیار.

ب : بەرگرتن لە گەندەڵی: زانیاری گەیاندنی شەفاف و بێ سانسۆر تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێ فاکتەرێکی بەرگریکەر بێ لە هەمبەر گەندەڵیی دەزگاکانی حکوومەتی.

زۆر جار دەبیسرێ کە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیا لە ڕێگەی فڵانە ڕۆژنامەوە کڵاوبەردارییەکی گەورە لە قاو دراوە. بەم پێیە دەتوانرێ چاپەمەنییەکان بە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی خەڵک لە قەڵەم بدرێن.

**٢- بردنە سەری ئاستی وشیاریی کۆمەڵگە:** ئەمڕۆکە بە کۆمەڵگەیەک دەگوترێ پەرەی سەندوە کە بتوانێ لە پاڵ پێوەرەکانی ئابووری، لە ڕووی گەشەی وشیاریی گشتییەوە لە ئاستێکی گونجاو دا بێ. دێموکراسی لە کۆمەڵگەدا تەنیا بە گۆڕانی فۆرمی دەرەوەی بنیاتەکانی دەسەڵات وەدی نایێ بەڵکوو دەسپێکی دێموکراسی، قووڵبوونەوەی وشیاریی تاکە لەم سێ ڕەهەندەی خوارەوەدا:

ئەلف: خۆ تێوەگلاندن و بەشداری کردن

ب: کاریگەری و باندۆر دانان

ج: قبووڵی بەرپرسیارێتی لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا

تا ئەو کاتەی کە تاکەکان وشیارییەکی ئەوتۆیان بە نیسبەت ئەم مەسەلانە نەبێ، ناتوانن ئەو جۆرەی کە پێویستە لە پرۆسەکانی جێی مشت و مڕ لە کۆمەڵگەدا بەشدار بن و کاریگەرییان لەسەردا بنێن. ئەگەر تاکەکان لە پرۆسەکانی کۆمەڵگە خۆیان بە دوور بگرن و کاریگەریی پۆزەتیڤیان لەسەر دانەنێن، ناتوانن بەرپرسیارێتیی خۆیان لە هەمبەر خەڵک و حکوومەت بەجێ بگەیەنن. لەبەر ئەوە چاپەمەنییەکان بۆ گێڕانی ئەم ڕۆڵە گرینگە دەبێ هەواڵ و زانیارییەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بۆ خەڵک شرۆڤە و شی بکەنەوە، بۆ ئەوەی کە خەڵک بە دیدێکی کراوە ئەرکەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکەن، چونکە بردنە سەری ئاستی وشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری دوو بابەتی لێک جیاوازن.

**٣- پەروەردە و فێرکردن:** پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی و کلتووری، پێویستیی بە پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی هەیە. بڵاو کردنەوەو پەرەپێدانی ڕەگەزی «زانایی» لە ڕێگەی چاپەمەنییەکانەوە، باوترین و کەم تێچووترین مێتۆدی فێرکارییە لە کۆمەڵگەدا.

**٤- ئافراندنی نۆرم و بەهای هاوبەش:** یەکێک لە کارکردەکانی ڕاگەیەنە گشتییەکان و لەوانە چاپەمەنییەکان، پێکهێنانی ئەنتیگراسیۆن و لێک نزیک کردنەوەی خواست و چاوەڕوانییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە. لە ڕاستیدا چاپەمەنییەکان دەتوانن کەناڵێک بن بۆ گەیاندنی داواکارییەکانی خەڵک بە دەوڵەتی دەسەڵاتدار.

**٥- خستنە ڕووی ئەندێشەی نوێ و بیروڕای جیاواز:** ئەگەر چاپەمەنییەکان ئەرکی خۆیان بە باشی ئەنجام بدەن و خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانە بن کە ئاماژەیان پێکرا، بەستێنی دەرکەوتنی ئەندێشەی نوێ و پێشکەوتوو لە بارتر دەبێ. دەرکەوتنی ئەندێشەی نوێ و بیرو بۆچوونی جیاواز دەتوانێ هەنگاوێکی گرینگ بێ لە پێناوی گەشەی سیاسی و ئابووریی وڵات دا.

ئاستەنگەکانی بەردەم کۆڵەکەی چوارەمی دێموکراسی لە ئێراندا

بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت بۆ مێژووی هاوچەرخی ئێران پاش شۆڕشی ١٣٥٧ بۆمان دەردەکەوێ کە چاپەمەنییەکان لە ئێراندا تەنیا لە ماوەیەکی کورتی دوای سەرکەوتنی شۆڕش و تا ڕادەیەکیش لە سەردەمی ڕیفۆرم دا کەم و زۆر توانییان ئەرکی خۆیان لەم بیاڤانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، بەجێ بگەیەنن. بەگشتی دەتوانین




گرینگترین ئاستەنگەکانی بەردەم چالاکیی چاپەمەنییەکان لە ئێراندا بە دوو بەشی سەرەکی دابەش بکەین:

١- چۆنیەتیی ڕوانینی بەرپرسانی پلە یەکی سیستم بۆ چاپەمەنییەکان و فۆنکسیۆنی ئەوان لە کۆمەڵگەدا:

لەم بارەیەوە ڕاشکاوترین بۆچوون، شەخسی ئایەتوڵڵا خومەینی پێشکەشی کردوە کە تا هەنووکەش بنەمای هەڵسوکەوتەکانی بەرپرسانی سیستمە. « وەسیەتی من بۆ دەوڵەتەکانی ئێستاو داهاتوو و دەزگای قەزایی و شۆڕای نیگابان ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک ئیجازە نەدەن هەواڵدەرییەکان، چاپەمەنییەکان و گۆڤارەکان لە ئیسلام و بەرژەوەندیی وڵات لا بدەن».

ئەم بۆچوونە ڕاشکاوە بە ڕوونی چۆنیەتیی ڕوانینی دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران دەردەخا. خوێندنەوەی بەرژەوەندیخوازانەی ئەوان لە ئیسلام، هەموو فۆنکسیۆنەکانی چاپەمەنییەکان کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا دەباتە ژێر پرسیارو لە بنەڕەتدا خۆی لە هەر جۆرە زانیاری گەیاندنێکی شەفاف و وشیارکەرەوە بێ نیاز دەبینێ. لە ڕاستیدا دەسەڵاتدارانی ئێران خۆیان تەنیا بە وەڵامدەرو جێبەجێکاری شەریعەتی ئیسلام ( ئەویش خوێندنەوەیەک لە ئیسلام کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بێ) دەزانن.

٢- دانانی یاساو ڕێسای توندوتیژو بەرتەسک کەرەوە لە بیاڤی چاپەمەنییەکاندا:

سەرەڕا ی ئەوەی کە ئەسڵی سێی یاسای بنەڕەتی بردنە سەری ئاستی وشیاریی گشتی لە تەواوی بوارەکاندا بە کەڵک وەرگرتن لە چاپەمەنییەکان و ڕاگەیەنە گشتییەکان لە ئەرکەکانی دەوڵەت دەژمێرێ بەڵام لە پراتیک دا دەبینین کە بیاڤی چالاکیی ئەوان لە ئەسڵەکانی ٢٤ و ١٢٥ی یاسای بنەڕەتی دا زۆر بەرتەسک کراوەتەوەو بە پێی یاسا چاپەمەنییەکان تەنیا لە چوارچێوەی یاساکانی ئیسلام و بەرژەوەندیی سیستم دا دەتوانن چالاکی بکەن.

ئەسڵی ١٦٨ ی یاسای بنەڕەتی دەڵێ: لێ پرسینەوە لە تاوانە سیاسی و چاپەمەنییەکان ئاشکرایە و بە ئامادە بوونی لیژنەی دادپەروەر لە دادگاکان دا دەکرێ. شێوەی هەڵبژاردن، مەرج و دەسەڵاتەکانی لیژنەی دادپەروەرو پێناسەی تاوانی سیاسی و چاپەمەنی، یاسا لەسەر بنەمای پێوەرەکانی ئیسلام دیاری دەکا.

سەرەڕای ئەوەی کە یاسادانەر لەم ئەسڵەدا هەوڵی داوە لە یاسا نێونەتەوەییەکان لەم بوارە دا نزیک بێتەوە بەڵام لە ڕاستیدا ناڕوونی لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی لیژنەی دادپەروەرو مەرج و دەسەڵاتەکانی و هەروەها پێناسە نەکردنی تاوانی سیاسی و چاپەمەنی، هیچ هیوایەک بۆ مرۆڤ ناهێڵێتەوە.

هەڵسەنگاندنی کارنامەی ٣٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامی ئەوە دەردەخا کە ئەم سیستمە مانەوە و بەردەوامیی خۆی لە ناوشیاری و بێ ئاگایی خەڵک دا دەبینێ، بەشداریی ناهوشیارانە و ڕێکنەخراوی خەڵک لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات دا لە بەشداریی وریایانە و ڕێکخراو بە باشترین دەزانێ. لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوەیە و لە ڕێگەی دانانی هێڵی سوور نەتەنیا ڕێگە لە دەست پێڕاگەیشتنی هەواڵنێران و ڕاگەیەنکارەکان بە ڕەوتی ئازادیی زانیارییەکان دەگرێ بەڵکوو ئەو کەمە هەواڵەش کە هەن سانسۆر دەکا و بە دانانی یاسای سزادانی توند، چالاکانی بواری چاپەمەنییەکان ناچار بە خۆسانسۆری دەکا. دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ شێواندنی ڕای گشتیی نێوخۆ و فریودانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان هەوڵ دەدەن بە زیاد کردنی ڕۆژنامەگەلی دەوڵەتی و چاپی کارگ ئاسای بڵاوکراوەی زەرد، بۆشایی چاپەمەنیی ئازاد پڕ بکەنەوە. غافڵ لەوە کە پێوەری پشکوتنی چاپەمەنییەکان، زۆر بوونی هەژماری وان لە کۆمەڵگەدا نییە بەڵکوو چۆنیەتیی کارتێکەریی چاپەمەنییەکان لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، نێوەرۆک و ناواخنی پەیام، وەڵامدانەوە بە پێویستییە جیددییەکانی کۆمەڵگە و زۆر فاکتەری دیکە وەک پێوەری گەشەی چاپەمەنییەکان دەژمێردرێن.

لەم دوو ساڵەی دوایی و پاش ئیعترازەکان بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، ئێران بۆتە گەورەترین زیندانی هەواڵنێر و ڕۆژنامەنووسان لە جیهاندا و گۆڕینی فاز لە کاری چاپەمەنییەوە بۆ کار لە فەزای مەجازیش دا نەیتوانیوە ڕاگەیەنکارەکان لە بەدواداچوونی قەزایی بنیاتە ئەمنییەتییەکان بپارێزێ. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ماڵی مافەکانی مرۆڤی ئێران لە ماوەی ساڵی ١٣٨٩دا لە لایەن دادگا سەرەتاییەکانەوە بۆ ٢٩ وێبلاگنووس و ڕۆژنامەنووس، ٩٦ ساڵ و ٩ مانگ زیندانی «تەعزیری»، ١٠ ساڵ زیندانی هەڵپەسێردراو، ١٣٤ قەمچی، یەک ئێعدام و ٩٠ ساڵ قەدەغە کردن لە پیشەی ڕۆژنامەنووسی حوکم دەرکراوەو، لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوەشدا حوکمی ٦٦ ساڵ زیندانی «تەعزیری»، ٢ ساڵ زیندانی هەڵپەسێردراو، یەک ئێعدام و ٨٠ ساڵ ستاندنەوەی مافەکانی هاووڵاتی، پشت ڕاست کراوەتەوە. مەودا و فەزای چالاکی بۆ کاری چاپەمەنی لە ناوچەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێراندا، زۆر بەرتەسکتر لە ناوچەکانی ناوەندە. لە ڕاستیدا چاپەمەنییەکان لەم ناوچانەدا بە هێندێک بڵاڤۆکی خوێندکاری، حەوتوونامەی لۆکاڵی و چالاکیی پرش و بڵاو لە دنیای مەجازی دا قەتیس کراون. دەرکردنی حوکمی ١٥ و ١٠ ساڵ و نیو و ١١ ساڵ زیندانی «تەعزیری» بۆ عەدنان حەسەنپوور و محەممەد سەدیق کەبوودوەند دوو ڕۆژنامەنووسی بەندکراوی کورد و ئەبولفەزلی عابدینی نەسر ڕۆژنامەنووسی ئەهوازی، نیشاندەری فشاری چەند قاتە لەسەر چالاکانی بواری چاپەمەنی لە ناوچەکانی کەناردا.

بەم شێوەیە ئەمڕۆکە شاهیدی ئەوەین کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕاگەیەنکارە بە نێوبانگەکان لە گرتووخانەکاندا ژیان بەسەر دەبەن یا دەستیان لەکار کێشاوەتەوەو گۆشەنشین بوون یا وڵاتیان بە جێ هێشتوە و ئاوارەی هەندەران بوون. ئەمساڵ لە ڕۆژی جیهانیی چاپەمەنی دا، خەڵاتی تایبەتیی یونسکۆ بە ئەحمەد زەیدئابادی ڕۆژنامەنووسی بەندکراوی ئێران پێشکەش کرا. بەخشینی ئەم خەڵاتە دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە سەرەڕای گۆڕانە گەورەکانی جیهانی عەرەب و قەیرانی هەیی لە ناوچەکەدا، ئێران تا هەنووکەش لە ناوەندی سەرنجی ڕێکخراوو بنیاتەکانی نێونەتەوەیی داکۆکی کارانی مافی مرۆڤ دایە.

# شۆڕشی مەدەنیی جیهانی عەرەب

رێبوار مەعروفزادە

گۆرانەکانی جیهانی عەرەبی، چ لە پانتاییدا و چ لە قوولاییدا وەرچەرخانێکی بێ هاوتایە بە چەشنێک کە دەکرێ بە رێنسانسی عەرەبی ناوی بەرین.رێنسانسی عەرەبی بەو واتایە کە لەمەوبەدوا شاهیدی دەستپێکردنی قۆناغێکی تر لە ژیان،سیاسەتوپەیوەندیی نێونەتەوەیی جیهانی عەرەب لە نێوخۆی،رۆژهەڵاتی ناوەراستوجیهاندا دەبین.لە راستیدا جیهانی عەرەب، بە هۆی گۆڕینی جۆری روانین و بیرکردنەوەیان بە نیسبەت خۆیان،ولاتەکەیان و جیهان شۆڕشیان کردوە.

مێژوو نیشاندەری ئەو راستی یە کە سیستمە سەرەرۆکان ئەمرۆ یان سبەی توشی تێکتەپین و تێکشکان دەبن بەڵام،هەرکام لە شوێنێکەوە درز لە دیواری ترسیان دەکەوێ و دواجار ملکەچی ئیرادەی گەل دەبن.کاتێک قسە لە سەر شۆڕشی نوێ دەکەین دەبێ جگە لە هۆکارە کۆنەکانی شۆڕش وەک سەرەرۆیی و گەندەڵی و...ئاماژە بەو هۆکارانە بکەین کە ئەم شۆڕشانە لە شۆڕشە کلاسیکەکان جیا دەکەنەوە.

**گرینگ ترین هۆکارەکانی شۆڕشی مەدەنی جیهانی عەرەبی بریتین لە:**

**١-کارابوونی نەوەیەکی نوێ لە گۆرەپانی سیاسەت ٢- بە جیهانی بوون ٣-شارنشینی ٤-پاسیڤ بوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ٥-تێپەرین لە ئیدئۆلۆژی ئیسلامی رادیکاڵ**

**١- کارابونی نەوەیەکی نوێ لە مەیدانی سیاسەت:** پێکهاتەی هەر ولاتێک پێشاندەری ئاراستەی گۆرانەکانی ئەو ولاتەیە.لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لاوان،زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی وڵات پێکدێنن.توێژی لاوان جگە لە پرئەژماربوون،خوێندەوارن و لە گەل تەکنۆلۆژیی سەردەم راهاتوون.هەروەها لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە ئەم توێژە خاوەن بیرکردنەوەیەکی جیهانیە. هەڵایسانی شۆڕش کە لە تونس بە خۆسووتاندنی لاوێکی خوێندەواری بێکار و لە میسر بە بانگەوازی بزووتنەوەی ٦ ئاوریل دەستی پێکرد رێک نیشاندەری شۆڕشی نەوەی نوێیە بە سەر نەوەی کۆندا.نەوەی نوێیەک کە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی جیهانیە و بڕوای بە هاتنە کایەی سیستمێکی وڵامدەر هەیە.ئەو دیوی شۆڕشی نەوەی نوێ، راگەیاندنی کۆتایی هاتنی سەردەمی حوکمرانیی نەوەی شەری ساردە،نەوەیەک کە روانینێکی ئەمنیەتی بە نیسبەت چەمکی دەوڵەت،کۆمەڵگا و... هەبوو،نەوەیەک کە لە دەلاقەی گۆمانەوە دەیروانیە جیهان.هەر ئەم شێوە بیرکردنەوەیەش هۆکاری دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی لە سەر بنەمای ترس بوو کە لە نێوان دەوڵەت و خەڵک بە جێگای یاسا،هێزی زەبەلاحی پۆلیس وسیخۆر رۆلی دەگێرا.بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە میسر بکەین کە لەوێدا دەزگای پۆلیس بە ٤٦٠هەزار کەس،١/٥بەرامبەری ئەرتەشە.

**٢- بە جیهانی بوون:**

لە رێگەی ئامرازەکانی پەیوەندی گرتن وەک ماهوارە،ئینتێرنێت، facebookو... بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵک ئازادبن لە هەمبەر هەڵبژاردنی بابەتی بیرکردنەوەیان.هەروەها توانایی بەراوردکردنی دۆخی خۆیان هەبێ لە گەل ژیانی سەردەم.بەجیهانی بوون دەرفەتی دەستراگەیشتن بە زانیاری،دیالۆگی ئازاد و ئالۆگۆڕی فێکری رەخساندوە.بەم شێوەیە بەجیهانی بوون بە نیشاندانی رێگە چارەیەک بەدەر لە پەنابردن بۆ هێزی چەک و مەچەک،لە لایەک پاشەکشەی بە ئەقلانیەتی نیزامی کردوە و لە لایەکی تر بەستێنی پشکووتنی ئەقلانیەتی مەدەنی پێکهێناوە.٢٢میلیۆن لە حەشیمەتی ٨٠میلیۆن کەسی میسر لە ئینتێرنێت کەڵک وەردەگرن.هەروەها بزووتنەوەی ٦ئاوریل لە رێگەی تورە کۆمەڵایەتیەکان وەکfacebook و twiter بانگەوازی خۆپیشاندانی بلاو کردەوە.دیارە پێش مەرجی هەر رێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی هەبوونی دیالۆگێکی ئازادە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا.ئەوەی ئێمە لە تونس ومیسر شاهیدی بوین رێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی بوو لە پێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر و ئینسانی تر کە پێشمەرجەکەی لە رێگەی بە جیهانی بوونەوە دابین کرابوو.

**٣-شارنشینی:** ئەمرۆکە گۆرانکاریەکانی گەورە لە منداڵدانی شارە گەورەکان لە دایکدەبن.لە شۆڕشی مەدەنی جیهانی عەرەب رۆژانە ناوی کەڵە شارەکان دووپات دەبوونەوە ولە ناو ئەم کەڵە شارانەش،گۆرەپانەکانی سەرەکی ئەم ولاتانە رۆلی دڵی شۆڕش و شوێنی ئیستراتژیکیان دەگێرا بە چەشنێک کە جیهان بۆ دیاری کردنی ئاکامی رووبەڕوو بوونەوەی خەڵک و دەسەڵاتی ملهور چاوی لەوان بڕیبوو.لە زۆربەی ولاتانی عەرەبی کەڵەشارەکان زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی ولات لە خۆ دەگرن. دیارە شارنشینی، شارەیی بوونی لێدەکەوێتەوە بەو واتایە کە تاک لە پرۆسەی بەشارەیی بووندا لە گەل کۆمەلێک لە نۆرم،پیشە،هەڵسوکەوت و بە گشتی لە گەڵ ژیانی کۆن مالئاوایی دەکات و بەهرەمەند دەبێ لە مەیدانێکی بەرفراوان لە بەها و شێوە رەفتاری جیاواز و هەمەرەنگ کە کۆی ئەمانەش خۆلقێنەری ژیانێکی ئالۆز و فرەرەنگترن.بەم پێیە شارنشینی خەڵکی عەرەب لە ماوەیەکی درێژخایەندا بۆتە هۆی پەرەئەستاندنی کولتووری شارەیی بوون . هەروەها شارنشینی خەڵکی عەرەب شکڵگرتن و گەشەی چەمکی شارۆمەندی و شارۆمەند-سیاسەتمەداری لێکەوتۆتەوە کە ئەم چەمکانەش پەیوەستن بە چوونەسەری ویستی بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی.دواجار شار،شارەیی و شارۆمەندبوون وەک سیمای مۆدێرنیتە سیستمە کۆن و سەرەرۆکان کە جۆری حوکمرانیان رەچاوی پرەنسیپەکانی جیهانی وەک ئازادی بەیان،مافی مرۆڤ و...ناکات تووشی قەیرانی رەوایی و حاکمیەت دەکات.

**٤-پاسیڤ بوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبی:** میسر و جەمال عەبدولناسر لەو روویەوە کە بە نوێنەری ناسیۆنالیزمی عەرەبی و دامەزرێنەری کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە قەلەم دەدرێن بێ گومان گۆڕانکاریەکانی ئەم ولاتە، کاریگەریەکی بەرچاوی لە سەر گۆرینی ئاراستە و نێوئاخنی گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەبێ .تا پێش لەم رووداوانە ناسیۆنالیزمی عەرەبی شکۆی بەو کەس و لایەنانە دەبەخشی کە سەرقاڵی چارەسەری گرفتەکان لە دەرەوەی سنووری ولات و لە بەرامبەر بیانیەکان دەبوون بە واتایەکی تر، ئەم ناسیۆنالیزمە کارکردی دەرەکی هەبوو، مەیدانی چالاکی نەتەوەیی لە دەرەوەی سنووری ولات پێناسە دەکرد و بەردەوام لە سەر حیسابی دوژمن خۆی ساخدەکردەوە.کەوایە ناسیۆنالیزمی عەرەبی ناسیۆنالیزمێکی روو بە دەرەوە و دوژمن تەوەر بووە. هەروەها ئەم ناسیۆنالیزمە کەسایەتی موسلمانێتی لەگەل کەسایەتی عەرەبی،زمانی قورئانی لە گەل زمانی عەرەبی،ئیمپراتووری ئیسلامی لە گەل مێژووی عەرەبی تێکهەڵکدەکێشا بە واتایەکی تر ناسیۆنالیزمی عەرەبی ناسیۆنالیزمێکی میراتگر بوو کە بە قامک خستنە سەر رابردوو لە جیاتی داهاتوو، لە جێگای جموجول و بەرهەمهێنان،تۆی مفتەخۆری و چاو لە دەستی دەچاند .کەوایە سرۆشتیە خەڵک لە چنگ ناسیۆنالیزمێک کە چاوەروانی و داماوی بەرهەم دێنێت وەزاڵە بێن .

**٥-تێپەرین لە ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی سیاسیی رادیکاڵ:** لە دەستپێکردنی نارەزایەتیەکان،دروشم و داخوازیەکانی جەماوەری عەرەب، شوێنپەنجە و مۆرکی ئیسلامی سیاسی بەدینەدەکرا. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەزموونی خەڵکی عەرەب لە حکوومەتە ناکارامە و پۆلیسی یەکانی وەک میسر،سوریە،عەرەبستان و...لە لایەک و تێرۆریسم لە لایەکی تر.حکوومەتە ئەمنیەتیەکانی عەرەب لە هەرەشەی تێرۆریسم، بۆ راکێشانی پشتگیری زلهێزەکان و سەرکۆتی خەڵکەکەیان کەڵکیان وەردەگرت.ئەلقاعیدەش نەبوونی مەجالی یاسایی بۆ بەشداری سیاسی خەڵکی دەقۆستەوە و شەرعیەتی بە کردەوە تۆندۆتیژەکانی دەدا.بەم شێوەیە حکوومەتە ئەمنیەتیەکان و تێرۆریسم بەیەکەوە بە نیشاندانی دوو جۆر لە شۆناسی سیاسی عەرەب – موسلمان خەڵکیان لە شۆناسی ئیسلامی سیاسی هەڵکراند.کەوایە با بۆ جارێکیش بووە دەستخۆشی لە تێرۆریسم و سیستمی سیاسی- پۆلیسی بکەین چۆنکە خەڵکیان لەمانای راستتەقینەی درندەیی و مروڤکۆژی تێگەیاند.

# تورکیا و کوردەکانی

وەرگێران لە ئینگلیزییەوە: موعتەسەم نوورانی

کاندیداکانی سەر بە کوردەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەوجارە لەوانەیە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بە باشی هەڵبژێردرێن «لەیلا زانا» سیاسەتوانێکی خۆشەویستی کورد جارێک رایگەیاند: «من چیتر باوەرم بە پارلمانی تورکەکان نەماوە، جارێکی تر خۆم ناپاڵێوم». لە ساڵی ١٩٩١ دەنگی هێنایەوە و بوو بە خاوەنی کورسییەک لە پارلمانی تورکیا وەک نوێنەری کورد لە پارێزگای دیاربەکر کە گەورەترین پارێزگای کوردنشینە لە باکووری کوردستان. سێ ساڵ دواتر لە پارێزراویی پارلمانی بێ بەش کراو پاشان بە تاوانی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، کە گرووپێکی شۆڕشگێری کوردە بە ١٥ ساڵ زیندان مەحکووم کرا. گەورەترین تاوانی ئەوە بوو کە لە کاتی سوێند خواردن دا لە پارلمان رستەیەکی بە کوردی قسە کرد. گرینگ ئەوە نەبوو کە بانگەشەی بۆ برایەتیی کورد و تورک دەکا. دە ساڵ لە زیندان دا گوزەراندی. ئێستا خانمی زانا دووبارە خۆی بۆ نوێنەری پارلمان دەپاڵێوێتەوە. لەگەڵ ئەندامانی دیکەی حیزبی ئاشتی و دیموکراسی، ئەو وەک کاندیدایەکی سەربەخۆ، لە دەوروبەری ئەو حیزبانە راوەستاوە کە دەبێ لە کاتی هەڵبژاردنەکان دا ١٠٪ دەنگەکان وەدەست بێنن. وەرچەرخانەوەی خانمی زانا کاردانەوەی ئاڵوگۆڕەکانی تورکیایە. لەگەڵ ئەو کاتی کە بە چاوبەستراوی، ئەشکەنجەکراوی بە بەرچاوی زیندانیە پیاوەکان دا بە رووتی دەیان هێناو دەیان برد و بێ حورمەتیان پێ دەکرد فەرقی زۆر کردوە. ئێستا ئێتر ئەو لە ململانییەکانی هەلبژاردنی کوردستان دا ئازادە. دەتوانێ چاو پێکەوتنی تەلەڤیزیۆنیی لەگەڵ بکرێ. هەم بە هۆی یەکەم تەلەڤیزیۆنی رەسمیی تورکیا TRT-٦ کە بەرنامەی کوردی بڵاو دەکاتەوە و هەم بە هۆی تەلەڤیزیۆنی تایبەتی کوردیی و رادیوکان کە بە خێرایی گەشەیان کردوە. ئەحمەد تورهان پارێزگاری پارێزگای باتمان دووپاتی دەکاتەوە کە لە کوردستان پەروەردە دەبێ بایخی پێ بدرێ و حکوومەت دەبێ داوای لێبووردن بکات. سەبارەت بە کردەوە هەڵەکانی و کەمکارییەکانی لە رابردوودا و هەروەها قسە کردن بە نهێنی لە لایەن حکوومەت لەگەڵ رێزدار عەبدوڵلا ئوجەلان رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان بەردەوام بێ.

ئەو حاڵەتە ئارامە بەرچاوە زیاتر قەرزداری حیزبی میانەرەوی ئیسلامیی داد و گەشە پێدانە کە لە ساڵی ٢٠٠٠وە بە خێرایی دەسەڵاتی لە تورکیا بە دەستەوە گرت. لە حاڵێکدا کە سواری شەپۆلێکی بە هێز و پەرەگرتوویە، بە ریفۆرمە دیموکراتییەکانی و پشتیوانیی نێونەتەوەیی، پارتی داد و گەشە چاوەڕوانی دەکرێ کە جارێکی دیکە بۆ دەوری سێهەم وەک تاقە حیزبی دەسەلات لە رۆژی ١٢ی ژوئین لە سندووقەکانی هەڵبژاردن سەر وەدەر بنێ. بەڵام وێ ناچێ جارێکی تر ئەو زەربەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٧ وە پارتی ئاشتی و دیموکراسی (کە پاشان بوو بە پارتی کۆمەڵگەی دێموکراتی) کەوت لە ناوچە کوردیەکان دووپات بێتەوە.

چەندین هۆکار هەن کە شانسی پارتی داد و گەشەی لە نێو ١٤ میلیۆن کوردی ئەو وڵاتەدا کز کردوە. چونکە کوردەکان بە هۆی پێشچوونی زەمان زۆر شتیان بۆ روون بۆتەوە. چیتر قسەیان ناوێ، بەو ئازادیە سنووردارە و بە برایەتی ئیسلامی نایەنەوە مەیدان بەڵکوو دەیانەوێ بە کردوە و عەمەل کاریان بۆ بکرێ. لە راستی دا ئەو کرانەوەیەی پارتی داد و گەشە تەنیا وای دەگەیاند کە عەفووی تەنیا بەو بەشە لە گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان داوە کە تێکەڵاوی توندوتیژی نەبوون، پاشان بێدەنگەی لێکرا. رەجەب تەیب ئوردوغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا کوردەکانی تاوانبار کرد. ئەو دەڵێ پ.کا.کا لە ساڵی ٢٠٠٩ تورکەکانی ناچار کرد کە هێرش بکەن و کاتێک هێزەکانی لە عێراق را دەگەڕانەوە (ناوبراو) دەستی کرد بە هات و هاوار و هیزەکانی خۆی بە سەرکەوتوو لە قەڵەم دا.

وڵامەکەی حکوومەتی تورکیا بە کوردەکان ئەوە بوو کە هەزاران سیاسەتوانی کورد، کە بریتی بوون لە ئەندامانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی، شارەوانییە کوردەکان خرانە ژێر چاودێری ئەمنییەتییەوە. سەلاحەدین دەمیرتاش رێبەرێکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی پەیتا پەیتا ئەوانە باس دەکا. لە ٢٠٠٩یەوە لانی کەم زیاتر لە ٢٣٠٠ چالاکی سیاسیی کورد زیندانی کراون. حوکمی مەحکوومییەتی ٢٢ ئەندام پارلمانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی لە لایەن دادوەرانی تورک دراوە کە دەمیرتاشیش دەگرێتەوە.

پارتی ئاشتی و دێموکراسی دەستی کردوە بە وەرێخستنی ململانێیەک لە رێگای نافرمانیە مەدەنیەکان بە گوێنەگرتن و رەد کردنەوەی ئەو وتارانەی کە رۆژی هەینی لە لایەن پێش نوێژە دەست نیشان کراوەکانی حکوومەت دەدرێن. بەربەرکانیەکان کۆتایان نایە تاکوو زیندانییە سیاسیەکان ئازاد نەکرێن، هەتا لێبووردنێکی گشتی نەدرێ بە شۆرشگێرانی پ.کا.کا و هەتا لە کوردستان ئیجازەی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی نەدرێ ١٠٪ی ئەو بەڵێنانەی پارتی ناوبراو کە پێیدابوون زۆر بە لاوازی لە حاڵی بەرێوەچوون دان و ئەو بۆچوون و پلان دانانە ئاکامی باشی لێنەکەوتۆتەوە. لێکۆڵەرەوە سیاسییەکان مەزەندە دەکەن کە لە هەڵبژاردنەکانی رۆژی ١٢ی ژوئەن لە تورکیا، پارتی ئاشتی و دیموکراسی زیاتر لە ٣٠ کورسی لە پارلمانی ئەو وڵاتە وەدەست دێنێ. ئیدەکانی پارتی داد و گەشە یارمەتیدەر نەبوو بۆ کاندیداتۆرە بێ هێزەکانی کە لە باشووری رۆژهەڵات خۆ کاندید دەکەن. زۆربەی کوردەکانی ئانکارا پێیان وایە ئەو بەڵێنانەی ئاغای ئوردوعان پاش هەڵبژاردنەکان دێنە دی هێندێکیش پێیان وایە تەنیا بۆ هەڵبژاردنەکانە.



هەموو ئەو کەسانە کە گلەیی و سکالایان لە دنەدانی (تحریکات) پارتی ئاشتی و دێموکراسی هەیە، (دەڵێن ئەو پارتە) دەبێ داوا لە پارتی کرێکارانی کوردستان بکا کە واز لە خەباتی چەکداریی بێنێ و بێتە سەر ئەو باوەڕە کە کێشەی کورد رێگاچارە سەربازیی نییە و دەبێ لە رێگای ئاشتیانەوە چارەسەر بکرێ. پ.ک.ک هەتا دوای هەڵبژاردنەکان، یەک لایەنە ئاگربەسی راگەیاندوە. دوای تێپەڕینی ١٢ ساڵ لە گیران و دەست بەسەر کرانی رێزدار ئۆجەلان، دەسەڵاتی لە سەر ئەو پارتە زۆر کەم بۆتەوە. هەر چەند پارتی ئاشتی و دیموکراسی کەمتر وێ دەچێ کە بالی سیاسیی پ.کا.کا بێ بەڵام وا دەنوێنێ کە پ.کا. کا باڵی چەکداری ئەو پارتە بێ. دیارە کوردەکان داوا دەکەن بەڵام وێ ناچێ پ.ک.ک چەک دابنێ. چونکە مست لە درێشە دەگەڕێتەوە و ئەو توندوتیژییەی پ.ک.ک کاردانەوەی توندوتیژیی رێژیمی تورکیایە. لەگەڵ هەمووی ئەوانە، زۆربەی کوردەکان پێیان وایە پارتی دادو گەشە ئەو سیاسەتە نەرمە لە پێناوی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان دا بەرێوە دەبا.

سەرچاوە: ئیکۆنۆمیست

# لە سەر پێویستیی گۆڕینی پێکهاتە (سترەکتۆر)ی پارتی کوردی

ئارام ئیبراهیم خاس
وەرگێڕانی بۆ کوردی تەها رەحیمی

**«رەنگە ناچارم بکەن شتێک بڵێم کە بڕوام پێی نەبێ، بەڵام قەت ناتوانن ناچارم بکەن شتێک بنووسم بڕوام پێی نییە». ئیمانۆئێل کانت**

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی یا چاکسازیی (ڕیفۆرم) بووەتە ؟؟؟؟ شۆڕش و نەریتی کۆنی ڕووناکبیری و وەک نەریتی نوێی ڕووناکبیری بە ریفۆرم یان چاکسازیی (گۆڕان) ناودێر کراوە.

هەر چەند زیاتر پێیان وایە شۆڕش گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەگرێتەوە و ریفۆرم ئاڵوگۆڕێکی لاوەکی و سەرخانی لە خۆ دەگرێ، کەچی ریفۆرمیش لە پراگتیک دا هەوڵی گۆڕین و ئاڵوگۆڕ دەدا و جیاوازی لەگەڵ شۆڕش نییە. تەنیا ئەوەی نەبێ کە لە ریفۆرم دا باسێک لە «رووخاندن» لە گۆڕێ دا نییە و ئەو خاڵەیە کە ریفۆرم لە شۆڕش جیا دەکاتەوە.

رەنگە لێرەدا ئەم پرسیارە بێتە گۆڕێ بۆچی بابەتی ریفۆرم لە سترەکتۆری پارتی کوردی دا لەگەڵ شۆڕش هەڵدەسەنگێنم، لە راستی دا بە بڕوای من ئەو ڕووداوانەی لەم ساڵانەی دوایی دا لە بزاڤی میللی ـ دیموکراتیکی رۆژهەڵاتی کوردستان دا ڕوویان داوە و بە لێشاو لەتبوون و دابران و جیابوونەوەی پارت و ڕێکخراوەکانیان لێکەوتۆتەوە جۆرێک شۆڕشی نێوخۆیی لەم پێکهاتە سیاسییانەدان و پێم وایە هەر کام لەو رەوتانە کە بە جۆرێک خۆیان لە پێکهاتە و سیستمی پێشوودامالیوە بڕوایان بە چاکسازیی و ریفۆرم لە سترەکتوری پێشوودا نەماوە.

دوای شۆڕشی ٥٨ هەموویان بەڵێنیان دا ریفۆرم و چاکسازی بکەن. کەسێکیش چاوەڕێ نەبوو پەیکەری ئازادی دابتاشن، بەڵام پێم وایە ئەوان (پارتەکان) لە بیریان نەبوو چاکسازی پرۆسەیەکە کە هەنگاو بە هەنگاو رەوتی خۆی دەپێوێ، گۆڕان و چاکسازی، هەڵسەنگاندن و خوێندنەوە و لەبەرچاو گرتنی هەموو رەهەندەکانی پێویستە و دەسبەجێ و دەمودەست و بە شەو و رۆژێک ناکرێ و ئەم پرۆسەیە کاری کۆنگرەیەک و چەند پلینۆم نییە. بەڵام ئەوان پێیان وابوو ئیدی تەواوە و چاکسازییان کردوە و لەو کۆڵە بوونەتەوە و تازە هێنانە بەرباسی چەمکەکان وەک ئازادیی رادەربڕین کات بە فیرۆ دانە.

بێ خەبەر لەوەکە هەروەک «ارسکین» دەڵێ: «نووسەران و راگەیاندنی ئازاد وەک نێزەی «قلفوس» جێگە برینی سەر پەیکەری سیاسەت خۆیان دەتوانن سارێژی بکەنەوە. لێ گەڕێن مرۆڤەکان بە ئازادی بیروبۆچوونەکانی خۆیان باس بکەن و توورەیی و قەڵسیی خۆیان بە تاڵ بکەن، نەک پێش بخۆنەوە و پەنگی دەنەوە، چونکی دواتر وەک گرکان بوومە لەرزەی لێ ساز دەبێ».

بۆ ئەوەی ریفۆرم بە ئاکام بگا دەبێ زۆر پتەوو خۆڕاگر بین تا بتوانین لە توندوتیژی خۆ ببوێرین و ئەرک و کارەکان دابەش بکەین و بە کەڵک وەرگرتن لە مێتۆدی تاقیکردنەوە و خەتا و پابەندی بە پارێزو ئەزموون وەرگرتن لە رابردوو بە تایبەتی خۆ پاراستن لە بەڵێنی گەورە، بەرەو پێش بچین .

کاتێک باس لە گۆڕان دەکەین، ئامانج پێکهێنانی فۆرمێکی جیاوازی بۆنە سیاسییەکانە کە شێوازی بەکارهێنانی دەسەڵات لە ڕێکخستن دا لە راندومان نزیکتر بکاتەوە نەک ئەوەی زیاتر لە جاران ببێتە هۆی پتەوبوونی و، جۆرە بۆرۆکراسییەکی فۆرمالیتەیی ئیداری بەسەر بزاڤ و پارت دا زاڵ بکا.

هەر چەند بزاڤێکی سانترال، بۆ ئابدەیتی ڕواڵەتی خۆی و یان رەنگە بۆ رازی کردنی ئەندامەکانی پلەو پێگەی زیاتر بەم و ئەو ببەخشێ کە ئەمەش جۆرە برۆکراسییەکی ئیداریی فۆرمالیتە لەگەڵ خۆی دێنێ کە تەنیا هێندێک مەزایای ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵێک کەسی سیاسی دەکا بە ئامانج و لە ئاکام دا پێکهاتەی بزووتنەوە نۆرم و بەها و بایەخەکانی لە نێوخۆی دا دەرژێنێ و بە جۆرێک تووشی لادانی دەکا کە کەس ناتوانێ نیشانەی ئەو بزووتنەوە رەسەنەی پێشتر بناسێتەوە. ئەمە، ئەو کاتەیە قەڵەمەکان «چیرۆکی تراژیکی» بە کۆتایی هاتنی مەئموورییەتی بزاڤ دەنووسنەوە.

**بۆ ریفۆرم لە حیزب دا پێویستە سترەکتۆرەکەی بگۆڕین**

پارتە کوردستانییەکان، پارتگەلێکی سانتراڵن کە لە سەر شێوازی ستالینی ( سەردەمی جیهانی دوو جەمسەری) پێک هاتوون. بیروبۆچوونی نوێی حیزبایەتی و سیاسەت و چەمکە نوێیەکانی خەبات لەمجۆرە سیستمە کۆنانە دا جێگەیان دیار نییە. هەر بۆیە پێویستە پێکهاتەی ئەم سترەکتۆرانە چاکسازییان تێدا بکرێ و ئەگینا ئەم سیستمانە وردە وردە لە فەوتان نزیک دەبنەوە و دەبنە بازنەیەکی داخراو و تەسک و نەگۆڕ کە لە هیچ ڕووداوێک دا ناتوانن کەمترین کاریگەرییان هەبێ.

پارتەکان لەم قۆناخەدا بۆ بەرەوپێش بردنی ئەو ئامانجانەی خەباتیان بۆ دەکەن پێویستیان بە هێزێکی مرۆیی لێهاتوو و کارزان و هەڵکەوتە هەیە. هێزێکی پسپۆر کە توانایی بەرهەم هێنانی گوتارێکی نوێی لە سەر بنەمای لێزانی و دەروەستی لە پێناو پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەرزی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی بە دوور لەو خوێندنەوەیەی پێشتر لێی دەکرا هەبێ و بە تێگەیشتن لە واقعیاتی دەرهەست و بەرهەستی دروستی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بە دوور لە خوێندنەوەی ئاستەکی و نۆستالژیکیی هەنووکەیی، بتوانێ نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردستان، بە تایبەت توێژی مام ناوەند (میدل کلاس) لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە بخا.



**پارتەکان لەم قۆناخەدا بۆ بەرەوپێش بردنی ئەو ئامانجانەی خەباتیان بۆ دەکەن پێویستیان بە هێزێکی مرۆیی لێهاتوو و کارزان و هەڵکەوتە هەیە. هێزێکی پسپۆر کە توانایی بەرهەم هێنانی گوتارێکی نوێی لە سەر بنەمای لێزانی و دەروەستی لە پێناو پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەرزی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی بە دوور لەو خوێندنەوەیەی پێشتر لێی دەکرا هەبێ و بە تێگەیشتن لە واقعیاتی دەرهەست و بەرهەستی دروستی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بە دوور لە خوێندنەوەی ئاستەکی و نۆستالژیکیی هەنووکەیی، بتوانێ نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردستان، بە تایبەت توێژی مام ناوەند (میدل کلاس) لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە بخا**

کە واتە دەبێ بە پشت بەستن بە هێزی کارلێهاتووی هزری پسپۆر لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، کۆمەڵناسی، ماف، سیاسەت، بەڕێوەبەری، پێوەندیی نێونەتەوەیی، دەروونزانی، فەلسەفە و مێژوو و.. هتد و بە ڕێکخستن و بەڕێوەبەرییەکی نوێ کەلێنی ئەم لێک دوور بوونەی نێوان پارتەکان و ئێلیت و هێزە لێزانەکانی کۆمەڵگەی کوردی پڕ بکەینەوە.

بە روانگە و کارکردی پێشوو ناتوانین بەم خاڵە گرینگە بگەین، بەڵکوو دەبێ هێندێک لە کردارەکانی پێشوومان وەلا نێین و بوار بۆ بەشداریی ئەم گرووپە خۆش بکەین. بە راکێشانی ئەم هێزە مرۆییە کە لە بواری کوالیتییەوە زۆر لەسەرن دەتوانین یەکەم هەنگاوی گەشە و پێشخستنی سەردەمییانەی بزووتنەوە، تەنانەت لە ئاستی سەراسەری ئێرانیش دا بهاوێین.

پارتە کوردستانییەکان هەنووکە بە شێوەیەکی سانتراڵ و لە سەر ئەم سیستمە بەڕێوە دەچن:

سکرتێر

دەفتەری سیاسی

کۆمیتەی ناوەندی

بەدەنە

ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەم سیستمە هیەرەمییەدا، پرەنسیپەکانی دەسەڵات لێک جیا نەکراونەتەوە و ئۆرگان و دامەزراوە حیزبییەکان لە کارەکانیان دا خاوەن سەربەخۆیی فیکری و کردەوەیی نین.

سترەکتۆرێک کە لاوازیی هزری پێوە دیارە و تەنانەت لە زۆر بوار دا راندومانی کاری رۆژانەشی دیار نییە، بۆیە بە شێوەیەکی پراکتیکی ئەم سیستمە ناتوانێ لە درێژخایەن دا پرستیژی ڕێکخراوێکی سیاسی بپارێزێ و بیکا بە تەڤگەرێکی زیندوو، و چالاک و کاریگەر لە رەوتی ڕووداوەکان دا.

چەمکی پەروەردە، چەمکێکی فەلسەفی و دژوارە کە لەم وتارەدا ناگونجێ، بەڵام کاکڵی وتەکەمان ئەوەیە کە لە بواری رەهەندە پەروەردەییەکاندا، پارتە کوردستانییەکان بۆ بارهێنانی هێزێک کە شیاوی پارتێکی سیاسی بێ چیان نەکردوە. ئەو هێزە مرۆییە بە توانایەش کە رووی لەم پارتانە کردوە لە دەرەوەی چوارچێوەی سیستمی ئەم ڕێکخراوانەدا گەشەی کردوە کە بۆ ئەم ژمارە کەمەش هیچ بەرنامەیەک و میکانیزمێکی دیاریکراو لە گۆڕێ دا نییە کە بە شێوەیەکی چالاک بەشداری لە پرۆسەی راوێژکاری و بڕیاردان دا بکەن.

ئەگەر سووکە ئاوڕێک لە چارەنووسی موجاهدینی خەلق بدەینەوە، ئەو فیکرەمان لا ساز دەبێ ئەگەر لە داهاتوویەکی دوور یا نزیک دا ئەم ڕێکخراوە لە عێراق دەر نەکەن، لانی کەم خۆ چەکیان دەکەن، دەی باشە ئەم کاتە دەبێ چ بکەن؟ ئەگەر ئەم سناریۆیە سەر بگرێ لاوانی سەر بە چینی خوارووی کۆمەڵگە کە ئێستا وەک پەناگەیەک چاو لە پارتەکان دەکەن ئیدی نایەنە ریزی ئەم حیزبانەوە. ئەو کاتە نوخبەی بەشداری بزووتنەوە دەبێتە چەک و بۆمبی فیکریی پارتەکان و هێزی پسپۆریش دەبێتە چەکی پارتی بێ چەک.

ئەو پرسە دەبێ بیری لێ بکرێتەوە و لە بیری دابین کردنی بەستێنی گونجاو و بۆ راکێشانی هێزی مرۆیی هەڵکەوتەی (نخبە) کۆمەڵگەی کوردستان دا بین. بۆ ئەم ئەرکە گرینگەش دەبێ چەمکەکانی وەک نوێخوازی بەمجۆرە کە هەن پێناسە بکرێن و کاریان بۆ بکرێ.

یەکێک لە لەمپەڕەکانی بەردەم چاکسازی لە پارتی کوردی دا ڕێبەرایەتییە، کەسێک کە لە کۆنگرەیە دا دەبێ بەرێبەرایەتی، لە کۆنگرەکانی دیکەش دا هەر ڕێبەرایەتییە و ئیدی چەمکگەلی وەک سپاردنی کاتیی دەسەڵات و مەشرووعییەت دانی مەرجدار بە ئەندامی ڕێبەری لە زۆر بواردا لە ئارادا نین. لەم هەلومەرجەدا گواستنەوەی دەسەڵات و هەڵبژاردنی کەسێکی لێهاتوو بە جێی کەسێکی دیکە کە پێشتر لە بازنەی دەسەڵات دا جێی گرتوە، زۆر دژوارە.

# سەفەرەکەی ئەحمەدی نژاد بۆ سنە و چەند سەرنجێک

عەلی بداغی

سێهەمین سەفەری مەحموودی ئەحمەدی نژاد، بۆ پارێزگا و شاری سنە کە رۆژی چوارشەممە، ٣١ ی خاکەلێوە رووی دا، لە چەند لاوە جێی سەرنج و ورد بوونەوەن.

یەکەم ئەوەی کە سەفەری ئەمجارەی ئەحمەدی نژاد بۆ سنە سەرەڕای ئامادەکاریی زۆری دامودەزگاکانی پێوەندیدار زۆر ساردوسڕ بوو. زۆربەی ئامادەبووانی ڕێوڕەسمی پێشوازی و وتاردانی ئەحمەدی نژاد لە یاریگەی شاری سنە لە هێزەکانی بەسیج و سپای پاسداران پێک هاتبوون و بۆ پڕکردنی یاریگەی ئیستقلالی شاری سنەش لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە بە ئوتوبووس خەڵکیان بۆ ئەو شارە راگواستبوو و جیا لەوەش قوتابیانی خوێندنگە سەرەتایی و ناوەندییەکانیش ناچار کرابوون کە بەشداری میتینگەکەی ئەحمەدی نژاد بن. کەچی بەو حاڵەش و لە گەڵ ئەوەی بەشێکیش لە خەڵکی بۆ پێدانی نامەی داواکاری ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە ببوون، بەڵام هێشتا خەڵکەکە یەک لە سێی ئەو یاریگەیەیان پڕ نەکردبوو. هەر بۆیەش لە خۆڕا نەبوو کە هەواڵدەریی «فارس» ناچار بوو وێنەیەکی چاککراو بە فۆتۆشاپ لە پێشوازیی خەڵکی سنە لە ئەحمەدینژاد لە سەر وێبسایتەکەیان دابنێن.

دووەم بابەت لەو پێوەندییەدا باس کردن لەو قسە و لێدوانە بێ مانا و سواوانەیە کە دیسانەکەش ئەحمەدی نژاد لەو کۆبوونەوەیەدا هێنانیەوە سەر زمان و دووپاتی کردنەوە. ناوبراو لە قسەکانیدا باسی ئەوەی کردەوە کە بودجەی ئاوەدانیی پارێزگای سنەی لە ٤ قات زیاتر کردوە و دەوڵەتەکەی بەرنامەی ئەوەی هەیە کوردستان لە بواری کشتوکاڵ و سنعەتییەوە بە شێوەیەکی زۆر خێرا بەرەو پێش بەرێ و کوردستانێکی ئاوەدان بە بێ کێشەی بێکاری و گرانی و کێشەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی کوردستان دروست بکا. ئەحمەدی نژاد لە کۆتایی قسەکانیدا روو لە بەرپرسان و کاربەدەستانی حکومەتی رایگەیاند کە ئەوەی خەڵکی کورد و خاکی کوردستانی خۆش دەوێ، دەبێ بۆ ئاوەدانیی ئەو بەشە لە خاکی ئێران قۆڵی هەڵماڵێ.

**بوودجەی دەوڵەت لە کوردستان بۆ پڕۆژە ئەمنیەتییەکانی قەت لە بڕان نایە و هەموو بەرنامە و پرۆژە و سیناریۆ ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە کورتترین ماوەدا جێبەجێ دەبن و لە دژی جووڵانەوەی سیاسی و بزووتنەوەی مەدەنیی خەڵکی کوردستاندا دەکار دەکرێن**

بە سەرنجدان بەو قسەیەی ئەحمەدی نژاد و بە روانینێکی زۆر کورت لە بارودۆخی کوردستان زۆر بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە هەر بە راست کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی چەندەیان کوردستان خۆش دەوێ و لە پێناو ئەو خۆشەویستییەدا چییان کردوە.

لە کوردستانێک کە بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی لە دواکەتوویی ئابووری دا راگیراوە، لە کوردستانێک کە نرخی بێکاری بە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی ئێران سەرووی ٤٠ لە سەدە، لە کوردستانێکدا کە گرانی و هەڵاوسان بڕستیان لە خەڵکی بڕیوە، لە کوردستانێکی نوقمی کێشە و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان کە هەر محەمەد رەزا رەحیمی، جێگری یەکەمی ئەحمەدی نژاد بە پلان و بە شێوەی سیستماتیک ئیعتیاد و مەوادی موخەدیری تێدا پەرە پێداوە، لە کوردستانێکی بە ئەمنیەتی کراو کە تێیدا چووکترین رەخنە و گازندە لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات بە هەوڵدان بە دژی ئەمنیەت و ئاسایشی وڵات لێک دەدرێتەوە و لاوان و چالاکە مەدەنییەکانی بەو تاوانە نەکردوە تووشی گرتن و ئەشکەنجە و زیندانی درێژخایەن دەبنەوە، لە کوردستانێک کە خەڵکەکەی لە سۆنگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە هەر لە منداڵییەوە بە هەڵاواردن و تەبعیز و ستەم و بێبەشی لە مافەکانیان فرچک دەگرن، باسکردن لەو وادە و بەڵێنانە و دووپات کردنەوەی ئەو ئیدیعا بێ بنەمایانە، رواڵەتبازییەکی گەپچارانە و شانۆگەرییەکی بێ شەرمانەیە و بەس.

کوردستان بە هەر چوارپارێزگاگەی لە ئێران، گرینگیی یەکجار زۆری بۆ ئێران هەیە. کوردستان لە رووی کەرتی کشتوکاڵەوە سیلۆی دانەوێڵە و گەنم و جۆی ئێرانە. کوردستان باشترین شوێنی ئێران بۆ پەرەپێدان بە ئاژەڵدارییە و خاوەنی زۆر سەرچاوەی دەوڵەمەندی ژێرزەوی، وەک کانی زێڕ و بەردی گرانیت و مەڕمەڕیت و نەوتە. کوردستان بە هۆی هەبوونی سنوور لە گەڵ عێراق و تورکیە بواری زۆر لەباری بۆ گەشە کردنی بازرگانی و پیشەسازی هەیە، بەڵام ئەو کوردستانە دەوڵەمەند و بە پیت و بەرەکەتە بە هۆی سیاسەتی ئەمنیەتی کردنی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە دواکەوتوویی ئابووریی تەواودا راگیراوە، لە رووی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتییەوە بێبەشترین ناوچەی ئێران دوای سیستان و بەلووچستانە بێکاری، گرانی، هەژاری و ئیعتیاد روخسارە سەرەکییەکانی کوردستانن و لەوەها بارودۆخێکدا کە لاوانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە هۆی بێکاریی لەرادەبەدەر پەنا بۆ کاری کۆڵکێشی دەبەن و ئەوەشیان پی رەوا نابینن و رۆژانە لە لایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەدرێنە بەر گوللە، لەوەها کات و وەزعییەتێکدا ئەحمەدی نژاد بەو پەری بێشەرمییەوە باس لە هەوڵ و بەرنامەی دەوڵەتەکەی بۆ ئاوەدانیی زیاتری کوردستان دەکا.

ئەحمەدی نژاد لە ماوەی نیزیک بە ٦ ساڵ سەرکۆماریی خۆیدا تا ئێستا ٣ جار سەردانی پارێزگای سنەی کردوە. لە یەکەم سەفەریدا بەڵێنی دەست پێکردن و کۆتایی هێنان بە ٣٣٠ پرۆژەی بە خەڵکی پارێزگای سنە دا. ئەو « مصوبە« و بەڵێنانە لە سەردانەکەی دووهەمیدا جێبەجی کردنی ٣٠٠ پرۆژە بوون و بۆ سەفەری ئەمجارەشی وادەی جێبەجێ کردنی ٢٧٠ پرۆژەی نوێی بۆ خەڵکی پارێزگای سنەی بە دیاری هێناوە.

بەڵام سەیر ئەوەیە کە لە حاڵێکدا بەرپرسانی حکوومەتی بە پێی رواڵەتی چەواشەکارانەیان کردنەوەی هەموو پرۆژەکان بۆ ئەو کاتانە دادەنێن، بەڵام لە کاتی سەردانەکەی ئەحمەدی نژاد دا کەمترین پرۆژەش نەبوو تا ناوبراو جێبەجی کرانیان رابگەیەنێ و بە کردەوە بیەوێ « افتتاح»یان بکا. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەو پرۆژە و بڕیارانە یا لە سەر کاغەز ماونەتەوە، یان بە هۆی نەبوون و لەکەمیدانی بودجە بە نیوەچڵی ماونەتەوە و یان ئەگەریش ژمارەیەک لەو پرۆژانە جێبەجێش کرابن، هیچ نەخشێکیان لە رووی هەڵدان و گەشەکردن و ئاوەدانیی کوردستان و پێکهێنانی هەلی کار بۆ خەڵکی بێکاری کوردستان نەبووە.

لە ماوەی نێوان سەردانەکانی پێشووی ئەحمەدی نژاد بۆ کوردستان نرخی بێکاری لە کوردستان بەردەوام چۆتە سەرێ، بەڵام نەک هیچ کارگەو کارخانەیەک لە کوردستان دروست نەکراوە، بەڵکوو بە هۆی قەیرانی ئابووریی وڵاتەوە کە لە سۆنگەی سیاسەتە دوژمنکارییەکانی ئەحمەدی نژاد دژی کۆمەڵگای جیهانی بەرۆکی کۆمەڵگای ئێرانی گرتوە، ئەو کەمە کارخانە و کارگەیەی لە کوردستانیش دا بوون، یان داخراون یان خەریکە ئەوانیش دادەخرێن و کرێکارەکانیان تێکەڵ بە حەشیمەتی بێکاری کوردستان دەبن.

ئەوە لە حاڵێک دایە کە بوودجەی دەوڵەت لە کوردستان بۆ پرۆژە ئەمنیەتییەکانی قەت لە بڕان نایە و هەموو بەرنامە و پرۆژە و سیناریۆ ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە کورتترین ماوەدا جێبەجێ دەبن و لە دژی جووڵانەوەی سیاسی و بزووتنەوەی مەدەنیی خەڵکی کوردستاندا دەکار دەکرێن.



بەڵام سەردانەکەی ئەو جارەی ئەحمەدی نژاد بۆ پارێزگای سنە لە روویەکی تایبەتیشەوە زیاتر لە شانۆیەکی گاڵتەجاڕانە دەچوو. لەو سەردانەدا بۆ شەشەمین جار مزگێنیی جێبەجێ کردنی٢ باندە کردنی رێگای سنە- هەمەدان و سنە - کرماشان بە خەڵکی سنە درایەوە، پرۆژەیەک کە لە ساڵی ٧٤ و لە سەردەمی دەوڵەتی رەفسەنجانیدا بڕیاڕی دروستکردنی درابوو، کەچی ئەو پرۆژەیە نە لە سەردەمی ٨ ساڵەی دەوڵەتی خاتەمیدا و نە لە ماوەی ٤ ساڵەی یەکەمی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد دا جێبەجی نەکرا و ئێستا ئەحمەدی نژاد وادەی ئەوەی داوەتەوە کە ئەو پرۆژانە لە چەند ساڵی داهاتوودا! بە ئاکام بگەیەنێ.

حەمەرەزا رەحیمی، جێگری یەکەمی ئەحمەدی نژادیش لە زانکۆی کوردستان « دانشکەدەی فەننی موهوندیسیی زانکۆی کوردستان» ی کردۆتەوە، لە حاڵێکدا ئەوە زیاتر لە ٣ ساڵە خوێندکاران لەو دانشکەدەیەدا دەرس دەخوێنن.

**کەواتە هەر لە جێدا پێشوازی نەکردنی خەڵکی ژیر و وشیاری کوردستان لە ئەحمەدی نژاد و دارودەستەکەی خۆی پیشانی دەدا کە ئەو خەڵکە زۆر باش لە ماهییەت و نیوەرۆکی ڕێژیم و بیرکردنەوەی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد تێی گەیون و هیچ متمانەیەکیشیان بەو وادە و بەڵێنانە نیە کە هەر جار نا جارێ لە سەر زاری یەکیک لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کاوێژ دەکرێنەوە**

هەیئەتی دەوڵەت لەو سەردانەیاندا بۆ پارێزگای سنە هەروەها پرۆژەی پالاوگەی زێراب و ئاوەڕۆکانی سەقزیان بۆ جاری سێهەم « افتتاح» کردەوە کە زیاتر لە ١٦ ساڵە کاری لە سەر دەکرێ و هەر جارەو کاربەدەستێکی کۆماری ئیسلامی رێی لە شاری سەقز کەوێ، سەردانێکی ئەو پرۆژەیە دەکا و سەرلەنوێ « افتتاح»ی دەکاتەوە.

دروستکردنی فرۆکەخانەکانی شارەکانی سەقز و مەریوانیش بە جێی خۆی کە لە ساڵی ٧٤ ی هەتاوییەوە بڕیاری دروستکردنیان دراوە و ئەو پەسەندکراوانە تا ئێستاش هەر لە سەر کاغەز ماونەتەوە و خەڵکی کوردستان تەنیا ئەو کاتانە ناوێک لەو فرۆکەخانانە و دروست کردنی کارخانەکانی سیمان لە شارەکانی مەریوان و دیواندەر و سەقز دەبیستن کە کاربەدەستانێکی وەک ئەحمەدی نژاد سەردانی کوردستان بکەن و دیسانەکەش بیانەوێ وادە و بەڵێنی دروست کردنەوەیان بە خەڵکی بدەنەوە.

کەواتە هەر لە جێدا پێشوازی نەکردنی خەڵکی ژیر و وشیاری کوردستان لە ئەحمەدی نژاد و دارودەستەکەی خۆی پیشانی دەدا کە ئەو خەڵکە زۆر باش لە ماهییەت و نیوەرۆکی ڕێژیم و بیرکردنەوەی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد تێی گەیون و هیچ متمانەیەکیشیان بەو وادە و بەڵێنانە نیە کە هەر جار نا جارێ لە سەر زاری یەکیک لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کاوێژ دەکرێنەوە.

# مەولەوی سەرمایەی شێعری کوردی

ئازاد عەباسیان

خامە شەق وەردەن دەم مەکردەوە زار زار مەناڵۆ وەدەم دەردەوە
تۆ پا شکستەی بەرد هەردەی دەرد چەم کور مەینەت،تەن لاغەر،رەنگ زەرد

ئەم دێرە شێعرە یەکێکە لە هۆنراوەکانی شاعیری مەزنی کورد، مەولەوی.مانگی رۆشنی ئاسمانی شەوانی کوردستان. ئاوی روونی رووبارەکانی کوردستان، میوەی بە تامی باغ و باغاتی هەورامان.

عەبدولحەمیدی کوڕی مەلا سەعید ناسراو بە مەولەوی. پشتاو پشت دەگاتەوە بە مەلا ئەبوبەکری موسەنەف خاوەنی کتێبی « ئەلوزوح» لە بنەماڵەی پیر خدری شاهۆیی. مەلا یوسف جان یەکێک لە نەوەکانی مەلا ئەبوبەکر لە «چووڕی» مەریوانەوە چۆتە « تاوەگۆز »ی جوانرۆ و ئاوەدانی کردۆتەوە و بۆتە شوێنی ژیان. « لە زمانی عەلائەلدین سەجادی».

مەولەوی لە ساڵی ١٨٠٦ ی ز. لە تاوەگۆز لە دایک بووە. لە سەرەتاوە باوکی فێری خوێندنەوە و نووسینی کردوە. مێژووناسانی ئەدەبی کوردی بەم شێوەیە شوێنەکانی ژیانی مەولەوی باس دەکەن:

لە مەدرەسەی نۆدشە دەرسی فەقێیەتی خوێندووە، لەوێوە چۆتەوە بۆ مەریوان و ماوەیەک لە «چوور» و « نەنە» بووە. پاشان چووە بۆ سنە و لەوێوە چووە بۆ بانە و ماوەیەک ماوەتەوە، لە بانەوە بەرەو سلێمانی وەڕێ کەوتووە و لە مەدرەسەی شێخ مارفی نۆدێ لە مزگەوتی گەورە نیشتەجێ بووە، لەوێوە چۆتە هەڵەبجە و لە مەدرەسەی شێخ ئەوڵای خەرپانی ماوەیەک دەمێنێتەوە و دەگێڕنەوە کە لە هەڵەبجەوە بەرەو جوانرۆ و پاوە رۆیشتووە.

لە ساڵی ١٨٣٩ دا لە سەردەمی رەزاقوڵی خانی کوڕی خەسرەوخانی والی دا بۆ دووهەم جار دەچێتەوە سنە. لە مزگەوتی داروئێحسان دادەمەزرێ و لەگەڵ حاجی ئەحمەدی نۆتشی کە موفتی سنە دەبێ خەریکی خوێندن دەبێ.

لە کاتی مانەوەی لە مزگەوتی داروئێحسان سەرقاڵ دەبێ بە نووسینی شێعر و سەرنجی زۆر کەس بەلای خۆیەوە رادەکێشێ و شێعرەکانی تام و چێژێکی




تایبەتی دەبێ بۆ خوێنەران و بیسەرانی شێعری کوردی.

عەلائەدینی سەجادی لە کتێبەکەی دا بەم شێوەیە وەسفی مەولەوی دەکا و دەڵێ:

مەولەوی دەبێ بە بولبوولی دیوەخانەکان و هەموو دیوەخانەکان دەبنە پەروانە بۆ مەولەوی. دەڵێ: بادە نۆشی خانەدانی تاوە گۆزی، ئارایشدەری بەرەبابی شاهۆیی، پێغەمبەری شێعری سەدەی رابردوو، شۆڕشگێری باوەڕی تازە و نوێ، پێشەنگی کاروانی دوورناسان، خەرقەپۆشی ئاهەنگی مەینۆشان، مەلەوانی دەریای بیرتیژی، شۆڕەسواری سارای نوکتە بێژی، دڵی رووناک بووە بە رووناکی خاوەنی جیهان، زمانی گویا بووە بە دەنگی فریشتەی ئاسمان، دەمی بە سۆزی پیری پیران و ناڵەناڵی جەرگی دەروێشان، دەمی بە دەربڕینی گەوهەری نوکتە بە یادی نیازی ئازیزان، دەمی بە باسی رشتنی ئاوی شەتاوان و هاژەی تاقگەکان. کە وابوو مەولەوی هەم خۆشخوانی حەقپەرستی بووە، هەم نەواخوانی بەزمی سەرمەستی.

بە خوێندنەوەی ئەو وەسفە پڕمانایەی عەلائەدینی سەجادی و شێعرەکانی مەولەوی، مەزنی و بلیمەتی مەولەوی دێتە ناو هەستی خوێنەرانی شێعری کوردیەوە و سەرنجی خوێنەر بە لای مۆسیقا و ئەدەبی کوردی رادەکێشێ.

مەولەوی یەکێکە لە سەرمایەکانی شێعر و ئەدەبی کوردەواری و ئەرکی سەرشانمانە کە هەردەم شێعرەکانی بەرز رابگرین.

چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاوردو برد
دەست ئەو دەست گین تا خانەم ئاورد
دا بەزم شیرین خوسرەو وەهەمدا
جام دا وەسەر جەم،جەم وەسەر جەم دا
شۆرەت نامەی نام حاتەمەش کرد تەی
کرد وە کاسە کەل، کاسەی کەلەی کەی
ساقی گەرد ئارد یاران هام فەرد
مەدو نەدەماخ ئاسیای چەپ گەرد
سەدای ئاسیاو چی مەیۆ پەیاپەی
ئاسیاو خالێەن نۆبەتەن سادەی
هەر کاتێ زانای چەرخێ وەردەوە
چرن یاران دانەی منبەچ هاردەوە
نیاو بۆ خاس دانەش بەو ئاوە
لایەق نین بەوەش بەو ئاسیاوە
فیدات بون ئامان ساهور کەربا،بی
وەسەر کشتدا پەی جۆ،جۆی،مەی
ئەو سەد کشتەکەم ئاخر کارەشەن
هەفتەی ئاخری نەو بەهارەشەن
بەڵام بەل تل، تل کیشوی کەرۆ
جەی ئاخرەدا دانەی وەرۆ
حەیفەن تو میراو سەرجۆی بادەبی
وەهەر کەس وە قەد کەفاف دادەیی
من گشتم روو زەرد هام فەردانش بو
دانەم رووسیای هام دەردانش دو

« مەولەوی تاوەگۆزی »

# ئێوارانە

زیزی لە من
تاوم لە تاوت هەڵ نایە
بەرین بە زەریا وەک دڵت
من و شێتی ئەم شەوگارە
نەخەونی تۆیە لێیداوین
من و ئەم رەوتە لاسارە
هەتا بووە وا خولڤاوین
دووری لە من (زیزی لە من)
بستێ رێگام پێ نابینرێ
لەچی بدوێم
رۆژی تۆم لێ ببێتەوە
من و خەمنامەی ئەم شێعرە
قەتیسی یەک بزەی تۆین و
لە تۆ دا نەبێ نابزوێین
بکرێوە
هەناوم گرکانی تاسەو
باوەشم هیوای تۆیەتی
زیزی لە من
جار باران تۆ دەبارێ
جار ئەستێرە زریوەو
من و پیاڵەو جگەرەی تۆ
من و شەوو
هەر شەوو
تۆ
ئەی نەتزانی ئەو شەوانەی
خوڵکی رۆژم لە باوەشتا ئەکردەوە
کات بۆ هەڵات هەڵاتی بوو
.. چۆڵەوانیت پێڕاخستوم...
جارێک بە بەزەیی خەیاڵ
«تەنیا»ی شاعیر
لە پێش چاوتا بێن و بەر کە
بیابانم بە هیوای بارانی تۆوە
خەونی شین بوون

دەکاتە پێستی بەیانی
.. هەموو گیانم تامەزرۆتەو
تەژیم لە خۆم ...
لە `ئاوێنەی تەنیاییتەوە
دوو چرکە خەریکم بە
سەر و بن تۆم...
رۆژم لە تۆوە بۆ هەڵدێ
شەوم بە بیری تۆ دەنوێ
لە ئاوێنەی تەنیاییتەوە دوو چرکە خەریکم بە
من یەکەم جارە تەنیا نیم
من تابلۆیەکم شێواوی شێوەی تۆمەو
تۆ رەنگەکانت لە خۆڕا تێک ئاڵاندووم
ئێوارانە...
ئێوارانە بە بیرت دا سەفەر ئەکەم
هەتا ئەمرۆ
ئێوارانە رێگا لە بەرم دەکا هەتا تۆ
.. من رێبواری دوورگەی دووری چاوەکانتم ...
ئێوارانە شێت دەبم و
پرسیار پرسیار
سەرم دەگرمە سەودای تۆ
.. سەرت لە تەنیایی نەنێی
ئێوارەیەک میوانم کە
بە دوو قوم لە خۆشەویستی و
ژەمێک حەزم لە نیزیکەوە ببیستە
جلکی شێعرت لەبەر ئەکەم
ئێوارەیەک بمبینەوە
لە سوچێکی قەرەباڵغی جامخانەی تەنیا تێیدا
سەرخۆشی تاڵاوی تۆم و
تەمەنم خەست خەست کردۆتە پیاڵەیەک و
هاوپێکی یادەکانی تۆم
ئێوارانە ئازاری زیزبوونی تۆیە
دەمکاتە شەو
بەم ئێوارانەوە دەژیم

« تەنیا»

# نامۆ

دەڵێم ئەم شارە جێ بێڵم سەفەر کەم
بڕۆم و خۆم لە دنیا دەربەدەر کەم
بە هاواری دڵ و بارانی دیدەم
لە دەردی خۆم هەموو عالەم خەبەر کەم
لە دەستی یاری دڵڕەق شەرتە ئیتر
بڕۆم تەرکی کچی ئومولبەشەر کەم
رەفیقانم گەلێ پەیمان شکێنن
بڵا راکەم لە دیتنیان حەزەر کەم
ئەگەر بۆم بێتە جەننەت ئەم وڵاتە
شەقی پێدادەم و عەزمی سەقەر کەم
هەڵۆی شاخم کەوی دیلی قەفەز نیم
بڕۆم و روو لە کێوان و کەمەر کەم
گوڵێ ناپشکوێ لەم شۆرەکاتە
لە وەرزی وشک و قاقڕ چۆن سەمەر کەم
جەفا تەنگی وەها لێ هەڵچنیوم
دەبێ هەر بۆ وەفا شین و چەمەر کەم
هەموو نامۆن و من تاک و غەریبم
نەماوە ئاشنا بۆ کوێ نەزەر کەم
شەوارەم بێ نەبینم رۆژی رووناک
ئەگەر بەم شارەدا ئیتر گوزەر کەم
وڵاتی مەرگە ئێرە گۆڕی عەشقە
بڕۆم چاکە و لە خۆم دەفعی خەتەر کەم

« جەلال مەلەکشا»

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 558 5 May 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لە ماڵاوایی

## بناغەی کۆشکی دەسەڵاتی دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی دەهەژێ

### هەڵبژاردەیەک لە راپۆرتی هەواڵنووسانی بێ سنوور (بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنییەوە)

ناوەندەکانی دەزگـای سـەرکوت، بەرپرسانی سیاسیی ڕێژیمە ئازادیکوژەکان ، ڕێکخەرانی ڕاستەوخۆی هێرشی توندوتیژ بۆ سەر ڕۆژنامەنوسان، ئەمانە هەموویان دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنین و ڕاگەیەنەکان نێچیری ئەوانن .

٣٨ دوژمنی ئازادیی چاپەمەنی لە ساڵی ٢٠١١دا هەر لە باکوری ئەفریقا تا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خولقێنەرانی ڕووداوە توندوتیژو هەر لەو کاتەدا دڵتەزێنەکانی ئەم مانگانەی دوایین. لە پێڕستی ساڵانەی دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی‌دا گۆڕانی گرنگ لە جیهانی عەرەبدا ڕووی داوە. هێندێک لە دەسەڵاتەکان ڕووخاون. یەکەمینیان (زەینولعابیدین بن عەلی) سەرکۆماری تونس بوو کە لە ١٤ی ژانویەی ٢٠١١ دەسەڵاتی بەجێ هێشت وبواری تێپەربوونی دێموکراتیکی لە وڵاتەکەی دا پێک هێنا.

جێگەو پێگەی دوژمنانی دیکەی ئازادیی چاپەمەنی، بۆ وێنە عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لە یەمەن کە بە ڕەوڕووی شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکانی ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵک بۆتەوە، یا هاوکارە سوورییەکەی، بەشار ئەسەد کە بەوپەڕی دڕندەیی‌یەوە وڵامی داخوازە دێموکراتیکەکانی خەڵک دەداتەوە، لەق بووە و هاکا بەم لەقبوونەی کۆڵەکەی دەسەڵاتیان، ئەوانیش ڕۆیشتن. ئەدی لە بارەی موعەمەر قەززافی ڕێبەری شۆڕشی لیبی کە بووە بە ڕێبەری توندوتیژیی کوێرانە لە دژی خەڵکەکەی و گوێنەگرتن لە داخوازەکانیان ، دەتوانین چی بڵێین؟ یا لە بارەی حاکمی بەحرەین بن عیسا ئال خەلیفە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێ لە ئاست سەرکوتی بەرینی ناڕازییانی دێموکراسیخوازی وڵاتەکەی ومردنی ٤ کەس لە لاوان لە بەندیخانەدا، کە یەکێکیان ڕۆژنامەنووس و دامەزرێنەری تەنیا ڕۆژنامەی موخالیفی وڵات بوو، وڵامدەر بێ.

ئازادیی بیروڕا دەربڕین لەم ناوچەیە، یەکێک لە ویستە سەرەکییەکیانی خەڵکە و هێندێک جاریش یەکەم ئیمتیازە کە لە لایەن دەوڵەتە کاتییەکانەوە دەدرێ،بەڵام روون نییە تا کەی دەوام دێنن. پێڕستی کردەوەی دوژمنانە بەرامبەر بە چاپەمەنی و میدیاکان لە بەهاری عەرەبدا سەرسوڕهێنەرە: لە چاو بەست و فریودان، دەسبەسەری و گرتنی لەخۆوەو دەرکردنی هەواڵنوسانی بێگانە تا دەگاتە پێشگیری لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و هەڕەشەو تەنانەت کوشتن لە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە چوار وڵاتی سووریە، لیبی، بەحرەین یا یەمەن، دەسەڵاتداران ستەم و دەستدرێژیی خۆیان بۆ سەر ڕاگەیەنەکان زۆرتر کردوە بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکان دوور بکەونەوە و وێنە و فیلمی سەرکوتی دڕندانەی ئەوان بڵاو نەکەنەوە.

لە ئاسیا، هێندێک لە ڕێبەران گۆڕاون بە بێ ئەوەی سیستەمی دژ بە ئازادی، کە ئەوان نوێنەرایەتییان دەکرد، گۆڕانی بە سەردا هاتبێ... لە دوو وڵاتی بێرمەو ڤێتنام سەرەڕای گۆڕانی ڕێبەرەکان ١٤ ڕۆژنامەنووس و ١٨ وێبلاگنووس لە بەندیخانەدان. هوچین تا لە وڵاتی چین و ئیلهام عەلیۆف لە ئازەربایجان لە دوژمنانی چاپەمەنین کە بوومەلەرزەی وڵاتانی عەڕەبی، ترساندوونی و بۆ پێشگیری لەو چارەنووسە، پتر دوژمنایەتیی چاپەمەنی دەکەن. لە هەڵوێستی دوژمنانی دیکەی ئازادی چاپەمەنیدا: دەسەڵاتدارانی ئێریترە، تورکەمەنستان وکۆریای باکوور هیچ ئاڵوگۆڕێک پێک نەهاتوە.

دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی لە ئێران، مەحمود ئەحمەدینژاد کە لە هەڵبژاردنی تێکەڵ بە کێشەی ١٣٨٨دا سەر لە نوێ بۆوە سەرکۆمار و، عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، بەرپرسانی سەرەکیی سەرکوتی بەربڵاوی ناڕازییان و پێکهێنانی دادگای ستالینی بۆ نەیارانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، لە دوای ئەو هەڵبژاردنەن. زیاتر لە ٢٠٠ ڕۆژنامەنووس و وێبلاگنووس لە ئێران گیراون. لەم ژمارەیە نزیک بە ٤٠ کەس بە تاوانی بێ ڕێزی بە ڕێبەری یان سەرکۆمار یان جاسووسی و هەنگاونان دژی ئاسایشی نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی درۆ، هەروا لە بەندیخانەدان. زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژنامەنووس و وێبلاگنووس بە ناچاری وڵاتیان جێ هێشتوە. لە ئێرانی ئەمڕۆدا زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس لەوانەی پیشەی ڕۆژنامەنووسییان هەبووە، بە هۆی داخستنی ڕۆژنامەکانیان یا قەدەخەکرانی ئەو کارە لەوان لەلایەن دەزگای قەزاییەوە، بێکارکراون.

سەرچاوە: گویانیوز

## دۆزرانەوەی شوێنەوارێک لە هەولێر بە رابردووی ٧ هەزار ساڵەی بەر لە ئێستا

بەڕێوەبەرئیدارەی شوێنەواری پارێزگەی هەولێر رایگەیاندوە کە لە رۆژهەڵاتی شاری هەولێر شوێنەوارێک دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ ٧ هەزار ساڵ بەر لە ئێستە دەگەڕێتەوە.

لە بارەی وردەکارییەکانی دۆزینەوەی ئەو شوێنەوارە رێکەوتی ١٣ی بانەمەڕ لە کۆنفڕانسێکی رۆژنامەنووسیدا حەیدەر حەسەن، بەڕێوەبەری ئیدارەی شوێنەواری پارێزگەی هەولێر و کۆیستا توینس، سەرۆکی تیمی زانکۆی ئاتێن لە وڵاتی یونان زانیاریی پێویستیان لەو بارەیەوە بە میدیاکان راگەیاند.

بەڕێوەبەری ئیدارەی شوێنەواری پارێزگەی هەولێر رایگەیاند کە تیمێکی شوێنەوارناسیی زانکۆی ئاتێنی یونان کاری دانەوە و پشکنینیان لە دوو ناوچەی کەوناری «گردی نادر» و «باقرتە» کردوە



و لە گردی نادر ٨٠٠ تورەکە، ٢٠٣٠٠ پارچەی گڵکاری، ٢٨٤٥ بەردە چەرخ و ٦٣ ئۆپسیدی، ٤ نیگاری ئاژەڵ و ٤ تەشی دۆزراوەتەوە، کە لە نێو ئەو پارچە شوێنەوارانە ٧٠ پارچەیان مێژووکەیان بۆ سەردەمی حەسنە ، واتە ٦هەزار ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە و مێژووی ١٣٠ پارچەیان بۆ سەردەمی ئوبەید ، واتە ٥ هەزار ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە.

لەو کۆنفڕانسەدا ئەوەش خراوەتە بەر باس کە ژمارەیەکی زۆر لە ئێسک و پروسکی مرۆڤ و ئاژەڵی جۆراجۆر لە کاتی دانەوەی ئەو شوێنانە دۆزراونەتەوە کە گومانی ئەوەیان لی دەکرێ کە جۆر و رەگەزی بەشێک لەو باڵندانە ئێستا لە ژیاندا نەمابن ، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لەو پارچە شوێنەوارانە و ئێسک و پروسکی باڵندەکان بۆ توێژینەوەی زیاتر و زانینی زیاتر لە سەر مێژوویان بەڕێی تاقیگەکانی وڵاتانی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی دیکە دەکرێن.

## سینەماکارێکی کورد بە تەمایە فیلمێکی دۆکیۆمێنتی لەسەر مێژووی سینەمای کوردی درووست بکا

سینەماکارێکی لاوی کورد بە ناوی ئیبراهیم رەمەزان، بەتەمای بەرهەمهێنانی فیلمێکی دۆکیۆمێنتی لە سەر مێژووی سینەمای کوردییە.

لەم پێوەندییەدا ئیبراهیم رەمەزان لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی پەیامنێر رایگەیاندوە کە تا ئێستا بۆ مێژووی یەکەم بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی ئاماژە بە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو کراوە کە فیلمەکانی یەڵماز گۆنای تێیدا بەرهەم هێنراوەو زۆر لە سەرچاوە زانستیەکانیش ئەم مێژووە پشتڕاست دەکەنەوە.

ئەم سینەماکارە کوردە ئاماژەی بەوە کردوە کە ماوەیەکە سەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمی دکیۆمێنتیە بەناوی (یەکەم فیلمی سینەمایی کوردی)، ناوبراو روونی



کردۆتەوە کە بە پێی ئەو زانیاریانەی دەستم کەوتوون و ماوەیەکی دوور و درێژە خەریکی کۆکردنەوەی دیکیۆمێنتی باوەرپێکراو لەسەر ئەو بابەتەم.

ئیبراهیم رەمەزان لە درێژەی قسەکانیدا روونی کردۆتەوە کە هەموو ئەو بەڵگانەی دەستم کەوتوون ئاماژە بەوە دەکەن، لە ساڵی ١٩٧٤ەوە یەکەم فیلمی سینەمایی کوردی لە شاخ بە کامیرای ١٦ میلمی سینەمایی کاری وێنەگرتنی ئەنجام دراوە و لە وڵاتی ئێران کاری مۆنتاژی بۆ کراوە. ناوبراو کوتی ئەم فیلمە لای کەسێکی نەناسراو بووە و رەنگە بەم زویانە بهێنرێتەوە کوردستان.

ئەم سینەماکارە کوردە باسی لەوە کردوە کە، یەکەم فیلمی کوردی دەرهێنەرەکەی خەڵکی شاری هەولێرە و ئێستاکە لە ژیان‌دا ماوەو هێنانەوەی ئەو فیلمە بۆ کوردستان کە لە ساڵی ١٩٧٤ بەرهەم هێندراوە، رەنگە جارێکی دیکە مێژوی سینەمای کوردی بگۆرێت.

## خەڵاتی گالیسکەی زێرینی ٢٠١١ ی فەڕانسە درا بە جەعفەر پەناهی



ئەنجومەنی دەرهێنەرانی فیلمی فەڕانسە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندوە کە خەڵاتی گالیسکەی زێرینی ساڵی ٢٠١١ ی ئەنجوومەنەکەیان بە جەعفەر پەناهی، دەرهێنەری ئێرانی دەدەن.

لە بەشێکی بەیاننامەی ئەنجومەنی دەرهێنەرانی فیلمی فەڕانسەدا هاتوە کە هیچ دەرهێنەر و نووسەرێک ناتوانێ بەرامبەر بە زیندانی کرانی جەعفەری پەناهی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کەمتەرخەم بێ، هەربۆیە ئەنجومەنی دەرهێنەرانی فیلم بڕیاری داوە بۆ رێزگرتن لە ئازادیی رادەبڕین، ئەو بێدەنگییە بشکێنێ کە بە سەر پەناهیدا سەپێنراوە.

خەڵاتی گالیسکەی زێرین هەموو ساڵێک لەلایەن فێستیڤاڵی « کان» بەدەرهێنەرێک دەبەخشرێ کە خاوەنی بوێری و سەربەخۆیی بیرکردنەوە بێ و بڕیارە کە ئەنجومەنی دەرهێنەرانی فیلمی فەرانسە، رۆژی یەکشەممە، ١ ی جۆزەردان رێوڕەسمی بەخشینی ئەم خەڵاتە بەڕێوە ببا.

شایانی باسە کە ساڵی رابردوو دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی بە بڕیارێک سزای ٦ ساڵ زیندان و ٢٠ ساڵ بێبەشبوون لە چالاکیی هونەریی بە سەر جەعفەر پەناهی دا سەپاند.

## تەشەنە کردنی کێشەکانی ئێستای حکوومەت بۆ نێو فستیڤاڵی فیلمی کیش

لە دوای پەرە ئەستاندنی کێشەکانی دەسەڵاتداران لە ئێراندا، زۆرێک لە فیلمسازە ئێرانییەکانی لایەنگری خامنەیی لە سالۆنی فیستیواڵی فیلمی کیش بە هۆی بەشداری مەشایی، شوێنی فیستیواڵەکەیان بەجێ هێشت.

زیاتر لە ٥٠ کەس لە سینەماکارانی ئێران و لایەنگرانی باڵی ئوسوولگەرای رێژیم وەک نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە بەشداریی ئیسفەندیار رەحیم مەشایی، بەرپرسی دەفتەری سەرکۆماری ئەحمەدینژاد لە فیستوالی فیلمی کیش دا، سالۆنی فیستیواڵەکەیان بەجێ هێشت.

ئەم هەڵوێستەی سینەماکارانی لایەنگری خامنەیی لە کاتێکدا هاتە ئاراوە کە ماوەیەکە کێشەو ململانێیە سیاسیەکان لە ئێران لەسەر دەست لەکارکیشانەوەی حەیدەری موسلحی وەزیری ئیتلاعات و پێداگری خامنەیی لەسەر مانەوەی موسلحی لەسەر کارەکەی، کەتۆتە نێوان خامنەیی و ئەحمەدینژادەوە کە بەردەوام رەحیم مەشایی پاڵپشتی سەرکۆمار بووە.





فەرەجوڵا سەلەحشوور لە لێدوانێکدا رایگەیاند کە چوونە دەرەوەی سینەماکاران لە سالۆنی فیستیواڵ پەیامێکی روونی بۆ رەحیم مەشایی و دەوڵەت پێ بووە.

ناوبراو ئەوەشی روون کردەوە کە ئەم دژکردەوەیەی هونەرمەندان نارەزایەتی بوو لە کارو وتەکانی رەحیم مەشایی بوو.

## راپۆرتی کۆتایی

## حەوتەمین فیستیڤاڵی فیلم و وێنەی ژیار لە بیجاڕ





حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی فیلم و وێنەی فۆتۆگرافی «ژیار»، بە ناساندنی هەڵبژێردراوانی بەشە جۆراوجۆرەکان و پێشکێش کردنی دیپلۆمی شانازیی و خەڵات، کۆتایی پێ هات.

بە پێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی فیلم و وێنەی فۆتۆگرافی پارێزگای کوردستان بە ناونیشانی «ژیار» لە ١٦ بەشە جۆراوجۆری وەک باشترین دەرهێنان، باشترین مۆنتاژ، باشترین وێنەگریی سینەما، باشترین دەنگهەڵگری، باشترین دەنگدانان، باشترین لێکۆڵینەوە، باشترین سیناریۆ، باشترین فیلمی دۆکیۆمێنتی، باشترین فیلمی چیرۆکی، باشترین فیلمی ئەنیمەیشێن، باشترین فیلمی ئەزموونی، باشترین فیلم بە تەواوی مانا هونەری، باشترین فیلمی بەشی فیلمە یەکەمەکانی دەرهێنەر، باشترین فیلمی کێبڕکێی تایبەتی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، باشترین فیلمی بەشی ژینگەپارێزی و باشترین فیلمی چاکسازی سەمبولی بەکارهێنان و پێشکەش کردنی دیپلۆمی شانازیی و خەڵاتی نەقدی لە شاری بیجار کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

شایانی باسە کە لەم خولەی فیستیڤاڵەکەدا ٤٣ کورتە فیلمی وەرگیراو لە حەوت بەشی درامی، ئەنیمەیشێن، دۆکیۆمێنتی، ئەزموونی، چاکسازیی سەمبولی بەکارهێنان، ژینگە و فیلمە یەکەمەکان پیشان درابوون

